
# ئەفیون

# *Drug*

# تلیاک









سیروان کاوسی

ئەگۆستی 2009

نووسەر: سیروان کاوسی

تایپکردن و رازاندنەوەی بەرگ: سیروان کاوسی

چاپی یەکەم: لەشێوەی پەرتۆک و لەسەر ئینتەرنێت، ئەگۆستی 2009 بەرامبەر بە مانگی گەلاوێژی 2709ی کوردی

مافی لەچاپدانی تەنیا بەدەست نووسەرە

# نێوەرۆک

پێشەکی ........................................................ ل 3

جۆرەکانی مادەهۆشبەرەکان ................................................. ل 5

مێژووی تلیاک .................................................................. ل 7

مێژووی کۆن و نوێی مادەهۆشبەرەکان لە ئێران ................................ ل 9

دیاردەی مادەهۆشبەرەکان لەسەردەمی رژێمی پاشایەتیی پەهلەویدا ......... ل 19

مادەهۆشبەرەکان لە رۆژهەلاتی کوردستان، لەسەردەمی رژێمی پاشایەتیی .. ل 27

دیاردەی مادەهۆشبەرەکان لەئێران، پاش دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ....... ل 29

رامیاریی رژێمی ئێران سەبارەت بە مادەهۆشبەرەکان لە کوردستان .......... ل 50

باشووری کوردستان و عێراق و، دیاردەی مادەهۆشبەرەکان .................. ل 62

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی مادەهۆشبەرەکان و بەربەرەکانێ و چارەسەرکردنی ل 66

پەراوێز .......................................................................... ل 71

سەرچاوە ........................................................................ ل 72

## پێشەکی

**"مادە هۆشبەرەکان"، کە بە ئینگلیزی Drug و بە فارسی "مواد مخدر" و بە عەرەبی "مخدرات"** ی پێدەگوترێ، لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا بووە بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و هەر رژێم و حکوومەتێکیش لەڕوانگەی بیروباوەڕی سیاسی و ئاستی هۆشیاری فەرهەنگی و کولتووری کۆمەڵگەی خۆیەوە، هەڵسەنگاندن و هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەی مادەهۆشبەرەکان و خەڵکانی گیرۆدەی ئەم مادەیە و بازرگانی و مافیاکانی "ئەفیون" دا دەکات. لە هێندێک هەرێمی جیهان وەکو ئەمریکای نێوەڕاست و ئەمریکای لاتین و، رۆژهەڵاتی ناڤین، کە بەسەرچاوەکانی سەرەکیی دابینکردنی مادەهۆشبەرەکان دادەنرێن، سەرەڕای بەربەرەکانێی پۆلیس و هێزی چەکدار لە دژی قاچاخچی و مافیای ئەفیون، کەچی ئەم مادەزیانبار و رووخێنەرە ساڵ لەگەڵ ساڵ لەسەرئاستی هەموو جیهان لە پەرەسەندندایە. کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، رێکەوتی **26ی جۆنی 2009 (رۆژی جیهانیی خەبات لەدژی مادەهۆشبەرەکان) راپۆرتێکی لەم بارەوە** دا بڵاوکردووەتەوە و دەڵێ:

**"بەرهەمهێنانی تلیاک لەساڵانی رابوردوودا پتر پەرەی سەندووە. لەوڵاتی ئەفغانستان لەساڵی** 2005 **دا سەرجەم** 4000 **(چوار هەزار) تەن تلیاک هێنراوەتە بەرهەم، کەچی لەساڵی** 2007 **دا گەیشتووەتە** 8200 **(هەشت هەزار و دووسەت) تەن. هەر لەساڵی** 2007 **دا لە تێکڕای وڵاتانی جیهان سەرجەم** 8870 **(هەشت هەزاروهەشتسەتوهەفتا) تەن تلیاک بەرهەم هێنراوە. لە** 92%**ی تلیاکی جیهان لە ئەفغانستان دێتە بەرهەم. لە پاش ئەفغانستان، وڵاتانی برمە و لائۆس لەپلەی دووەم و سێیەمدان".**

هێژای گۆتنه، بەرهەمهێنانی تلیاک و هیرۆئین لەم ساڵانەی دواییدا لە ئەفغانستان، لەبارودۆخێکدا پەرەدەستێنێت، کە هێزەکانی ناتۆ لەو وڵاتە و لە باکووری پاکستان سەرقاڵی شەڕێکی خوێناوین لەدژی چەکدارەکانی تاڵەبان. سەرەڕای پاشەکشەپێکردنی هێزی چەکداری تاڵەبان لەگەڵێک نێوچە کە خەشخاشیان تێدا دەچێنرا و، لە راگەیاندنەکانی رۆژاڤا و نەیارانی نێوخۆیی تاڵەبانەکاندا، بەسەرچاوەی ئابووریی تاڵەبانەکان نێوناسدەکران، کەچی ئەورۆکە بەرێژەیەکی زیاتر لە رابوردوو مادەهۆشبەرەکان لەو وڵآتەوە بە چوارقورنەی جیهاندا بڵاودەکرێتەوە، ئەمەش بووە بەهۆی دڵەڕاوکێی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، هاوکات کۆمەڵێک پرسیاریشی لای لێکۆڵەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و میدیای ئازاد لەجیهاندا دروستکردووە.

لەو رووەوە کە وڵاتی ئێران ئەورۆکە لە بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان لەئاستی هەموو جیهاندا لە پلەی یەکەمدایە و، پردی پەڕینەوە و شاڕێی گەیاندنی مادەهۆشبەرەکانە لە ئاسیاوە بۆ ئۆروپا و گەلێک هەرێمی دیکەی جیهان، هەروەها لەوڕووەوە کە بەشێکی گەورەی نیشتمانەکەمان **(رۆژهەڵاتی کوردستان)** لەبندەستی رژێمی داگیرکەری ئێراندایە، دەبێ هەموو کاتێک هەست بەمەترسیی بڵاوبوونەوەی ئەم مادەیە لە کوردستاندا بکەین و، زانیاریی پێویست بە گەلەکەمان بەتایبەتیی بە چینی لاوان بگەیەنین، بۆ ئەوەی بتوانین گەل و نیشتمانەکەمان لەبەرامبەر هەموو ئەو نەخشە و پیلان و کارەساتانە بپارێزین کە بەرەوڕووی دەبنەوە. ئەم نووسراوەیە هەوڵێکی گچکەی بابەتانە و زانستانەیە سەبارەت بە مادەهۆشبەرەکان لە هەرێمە بەگشتی و، لە ئێران و کوردستان بەتایبەتیی.

## جۆرەکانی مادەهۆشبەرەکان!

جۆرەکانی مادەسڕکەرەکان بریتین لە: 1- **تلیاک**. 2- **مۆرفین**. 3- **هێرۆئین**. 4- **مێتادۆن**. 5- **ماری جوانا**. 6- **حەشیس**. 7- **کۆکائین**. 8- **تووتن** (**نیکۆتین**). 9- **قاوە** (**کافەئین**). 10- **ئێل سی دی**. 11- **بۆمۆ 5.2 دی متۆکسی فێنتیلامین**. 12- **کستاسی** (MDMA). 13- **دەرمانی بێهۆشمەنیی**. 14- **ئەلکۆل**.

لەنێو مادەهۆشبەرەکاندا، **تلیاک** لەهەموویان نێوبانگی زیاترێکە، هاوکات لەهەمووشیان مەترسی بۆ سەر مرۆڤ پترە، چۆنکە جگە لەوەی کە کێشان، یان خواردنی بەردەوامی زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت، بەڵکو، ئەو لق و پۆپانەی وەک هێرۆئین و مۆرفین و کراک کە لە تلیاک دروستدەکرێن، تاکو ئەمرۆ لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا زۆرترین قوربانیی لێکەوتووەتەوە و، بەوێنەی نەخۆشیی **"ئەیدز"**، لەڕیزی ئەو کارەساتە کۆمەڵایەتییانەیە کە هەموو ساڵێک هەزاران کەس دەبنە قوربانی و، دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی چوارچێوەی دەیان هەزار بنەماڵە و، گەلێک نەهامەتی و رووداوی دیکەی لاوەکیی لێدەکەوێتەوە کە لە جێگەی خۆیدا ئاماژەیان پێدەکەم.

## تلیاک چییە و، چۆن دێتە بەرهەم؟!

تلیاک رەنگێکی **قاوەی (رەشی ئاماڵ سوور)** ی تۆخی هەیە و، لە گیایەک بەنێوی **"خەشخاش"** دەگیرێت. **گوڵی خەشخاش، یان گیای خەشخاش** لە ئینگلیزی پێیدەگوترێت **Papaver Somniferom**. لە زمانی عەرەبی و فارسیدا پێیدەڵێن **"ئەفیون"**، بە ئینگلیزی **Opium**. **ئەفیون، یان ئەبیون کە لەبنەڕەتدا لەوشەی یۆنانی Opion ەوە وەرگیراوە. هەروەها وشەی تلیاک (تریاک) یش لە وشەی Therica**ی یۆنانییەوە هاتووە.

گیای خەشخاش لەنێوان مانگەکانی پووشپەڕ و گەلاوێژدا گوڵ دەردەکا و، تەمەنی تەنیا ساڵێکە. خەشخاش لقێکی هەیە وەک نێریی ڕێواس چووزە دەکێشێ و، سەری نێرییەکە وەک تۆپ خڕدەبێ و بەسەرییەوە ریزێک گوڵی ورد دەردەکا. کاتێ گوڵەوردەکانی سەرتۆپی نێرییەکە سیس دەبن، ئەوجا بە گوێزان چواردەوری نێرییەکە بە



ئاستەم دەبڕن. پاش ٢٤ کاتژمێر، شیلەیەکی خەست بەرەنگی قاوەیی و هێندێک جاریش بەرەنگی رەش دێتە دەرەوە و، بەسەر پێستی سەرتۆپی نێرییەکەوە دەنووسێت. ئەوجا باخەوانەکەی بە چەقۆی تایبەت، شیلەکە کۆدەکاتەوە و، لە قاپێکی دەکات. بەم شێوەیە شیلەی سەرتۆپی هەموو گوڵە خەشخاشەکان کۆدەکەنەوەو، تێکەڵ بەیەکی دەکەن و، تلیاکی لێدروست دەکەن.

**تلیاک سێ جۆری هەیە کە بریتین لە:**

**١- تلیاکی کاڵ کە تازە لە شیلەی گوڵی خەشخاشەوە وەرگیراوە.**

**٢- تلیاکی پەروەردەکراو کە پاش کوڵاندن و کارکردن لەسەری، بۆ کێشان، یان بۆ خواردن ئامادە دەکرێت.**

**٣- تلیاکی پزیشکی کە بۆ دەرمانی نەخۆشخانە و چارەسەریی نەخۆش بەکاردەهێنرێت.**

## مێژووی تلیاک

تلیاک لە زەمانەکانی کۆنەوە لەرۆژهەڵاتی ناڤین و، لای یۆنانییەکان ناسراوە. بەوتەیMarcel Granin Doyeux، **جێگری پێشووی کۆنترۆڵکردنی مادەهۆشکەرەکان لەنیو کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان**، نێوی تلیاک چوار هەزار ساڵ پێش لەسەر بەردەنووسەکانی **"سۆمەری"** یەکاندا هاتووە و، نووسراوە، تلیاک گیایەکە، شادی و حەسانەوە بە مرۆڤ دەبەخشێت. هەروەها لە نووسراوەکانی **ئاشووری و میسری و یۆنانی کۆندا**، سەبارەت بە تلیاک زۆر نووسراوە بەجێماون. **"هێرۆدۆت" مێژوونووسی نێوداری یۆنان**، هەروەها زانایانی دیکەی گەورەی یۆنانی وەک **ئەرستۆ و هیبۆکرات** لە پەرتۆکەکانیاندا سەبارەت بە تلیاک زۆریان نووسیوە. ژنانی نێو کۆشک و تەلاری فیرعەونەکانی میسر، بۆ کەمکردنەوەی توورەیی و خەم و پەژارەیان لە تلیاک و شەربەتی تلیاک کەڵکیانوەرگرتووە. لەسەردەمی ئەرستۆ فەیلەسۆفی گەورەی یۆنانی هەتاکو **"وێرژێل"، هەروەها لە** سەردەمی دەسەڵاتداریێتیی رۆم، هەتاکو سەدەکانی نێوەڕاست، بەردەوام باسی تلیاک کراوە و، وەک گیایەکی دەرمانی بۆ چارەسەرکردنی گەلێک نەخۆشی و دەرکردنی ماندوویی لەش و، حەسانەوەی مێشک نێوی هاتووە. سەرچاوە مێژووییەکان پێشانیدەدەن، مێژووی بەکارهێنانی تلیاک لە وڵاتی هێند دا، دەگەڕێتەوە بۆ 12 سەدە پێش لەشکرکێشیی **"ئەسکەندەری مەکدۆنی"** بۆ ئاسیا و رۆژهەڵاتی ئاسیا. دوو زانای گەورەی یۆنانی بەنێوی **"بۆقرات" و "نێئۆفێراست"** چوارسەت ساڵ پێش زاین، لە تلیاک بۆ چارەسەرکردنی ئێش و زگچوون کەڵکیانوەرگرتووە.

لەوڵاتی ژاپۆن، تا سەدەی پازدەی زایینی، تلیاک و چاندنی گوڵی خەشخاش نەچووبووە نێو وڵاتەکەیانەوە. لە پەرتۆکی **"فەرهەنگستانی بریتانیا"** دا هاتووە،

گوڵی خەشخاش لەسەدەی 17ی زاینیدا لەولاتی چین چیندراوە. ئەم سەرچاوەیە هەروەها باس لەوە دەکا، لەسەدەی 18ی زایندا لەهەموو جیهان، ساڵی 1700 تەن (17000 کیلۆ)، تلیاک بەرهەم هێنراوە.

لەسەدەی حەڤدەی زاینیدا، دوکتۆرێکی ئینگلیزی بەنێوی **Sydenham Thomas** کە بە **"ئەفلاتۆن"** ی ئینگلیز نێوبانگی دەرکردووە، توانی لە تلیاک دەرمانێکی تازە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی بدۆزێتەوە. ئەوجا لەسەدەی نۆزدەدا، **پسپۆڕێکی دەرماننناسی ئەڵمانی بەنێوی Frederich Serturner** توانی **"مۆرفین"** لە نێو تلیاکدا بێنێتە بەرهەم و، نێویلێنا **Morphius کە وشەیەکی یۆنانییە و بەمانای خودای خەونەکانە!** لەساڵی 1832 دا مادەی **"کەدەئین"** لەنێو تلیاک دۆزرایەوە. **لەساڵی 1874 دا بۆ یەکەمجار هێرۆئین لەنێو مۆرفین دۆزرایەوە.** کۆمپانیای دەرمانسازیی **"بایەر"**، هێرۆئینی وەک جێگرەوەی مۆرفین پێشنیاز کرد. جیاوازیی نێوان مۆرفین و هێرۆئین لەوەدایە کە هێرۆئین سێ جار کاریگەریی لە مۆرفین زیاترێکە و، خێراتر دەچێتە نێو لەشەوە. دۆزینەوەی ئەم دوو مادەیە، لەلایەک یارمەتیی زانستی پزیشکی دا بۆ هێورکردنەوەی ئێش و ئازاری نەخۆشەکان، هاوکات هۆیەکیش بوو بۆ پەرەسەندنی ڕێژەی تووشبوانی مادەبێهۆشکەرەکان و، لەماوەی چەند ساڵێکدا لەڕێگەی مافیاکانی ئەفیۆنەوە وەکو پووش و ئاگر هەموو جیهانی تەنییەوە.

# "مادەهۆشبەرەکان"
# لە ئێران،
# لەسەردەمانی کۆنەوە، تا سەردەمی
# رژێمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی!

**"بەنگ" و "ئەفیون"** لە پەلاتی ئێران مێژوویەکی چەندین هەزارساڵەی هەیە و، گەلانی پەلاتی ئێران، هەر لە کۆنەوە "ئەفیون" یان ناسیوە. **لە نووسراوەکانی ئاوێستا لە بەشەکانی 15 و 19 لە پەرتۆکی پەیامبەر و فەیلەسووفی گەورەی کورد "زەردەشت"، نێوی"حەشیش" هاتووە و، وەکو مادەیەکی کوشندە و رووخێنەر و نەفرەتلێکراو نێوی هێنراوە.**

چەند سەدەیەک پاش بەنگ و حەشیش، "تلیاک" لەسەردەمی ئیمپراتۆریی ساسانییەکان و، لەسەدەی 6ی زاینیدا هاتەنێو ئێرانەوە و، لەماوەیەکی کەمدا توانی بازاڕی بەنگ و حەشیش بشکێنێ و، وەک پووش و ئاگر، زۆربەی نێوچەکانی بندەسەلاتی ئیمپراتۆریی ساسانیی بگرێتەوە. لەوە بەدواوە، دەستکرا بەچاندن و بەرهەمهێنانی تلیاک لە مووچە و مەزرای شار و گوندەکان. تلیاک لەسەر سفرە و خوانی شاکان و کۆشکی بنەماڵەی دەسەڵاتدارانی نێوچە جیاجیاکانی ئێراندا جێی خۆی کردەوە و، زۆربەی پاشاکان و ئەندامانی بنەماڵەیان، چ ئەوانەی بەرەگەز هێندوئێرانی بوون و، چ ئەوانەیان لەرەگەزی دیکە بوون و، حوکمرانیی ئێرانیان دەکرد، زۆربەیان بوونە تلیاکخۆر و، کۆڕ وبەزمی شەوانەیان بە وافوور و مەنقەڵ و تلیاک و شیرەکێشانەوە دەڕازاندەوە. بۆ ئەوەی رۆناکی زیاترمان خستبێتە سەر باسەکەمان، چەند بەڵگە و بەسەرهاتێکی مێژوویی بە نموونە دێنینەوە:

**سوڵتان مەحمووی غەزنەوی**، لەسەدەی 9ی زاینیدا، لەشکرێکی گەورە و گرانی خستەڕێ بۆ سەرکوتکردنی **"تۆغرلی سەلجوقی"** کە بەرەگەز تورک بوو. سوڵتان مەحموود لە شەوی پێش هێرشەکەیدا، تا درەنگانێکی شەو تلیاکی کێشا، لەبەر ئەوە نەیتوانی بەیانیی زوو لە خەو هەڵسێ، کە ئەوەش بوو بەهۆی دواکەوتنی هێرشەکەی و، ئاگاداربوونی تۆغرلی سەلجوقی لەهێرشی سوڵتان مەحموو بۆسەری، تۆغرل، هەلەکەی قۆستەوە و خۆی و لەشکرەکەی هەڵاتن و لە نێوچەکە دوور کەوتنەوە.

وەک دەزانرێت، **ئیمپراتۆریی سەفەویی لە سالی 1501ی زاینیی، لەلایەن شائیسماعیلی سەفەوییەوە دامەزرا کە باپیری (شێخ سەفییەدین) بە ڕەچەڵەک کوردی باشووری کوردستان و شێخی دەروێشان بوو.** لەسەردەمی شاکانی سەفەویدا بەرهەمهێنان و تلیاککێشان بەرادەیەکی پەرەی سەند و، لەنێو ڕەبەن و زەنگین و سواڵکەر و شادا ئەم مادەیە دەکێشرا و دەخورا و بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی نەخۆشییەکان بەکاردەهێنرا.

**شائیسماعیلی دووەمی سەفەویی**، کابرایەکی دڵڕەق و خوێنڕێژ و بێبەزەیی بوو. لەتەمەنی لاوی و هەرزەکاریدا ڕوویکردە تلیاککێشان و، بەوێنەی باوکی **(شائیسماعیلی یەکەم)**، نێرباز بوو و، زۆربەی شەوانی لەگەڵ **"دوودەکی"** یان رادەبوارد. شەوێک لەگەڵ دەزگیرانەکەی **(حەسەن بەگ حەلواچی ئۆغلی)**، کە کوڕێکی جوانکیلانەی مێردمنداڵ دەبێ، تا دەمەوبەیان لەگەڵی رایدەبوێرێ و، تلیاک دەکێشێت، لە ئەنجامدا بەهۆی زێدەڕۆییکردن لە کێشانی تلیاک، دەمەوبەیان بە دەم ئێش و ئازارەوە گیانی لەدەستدەدات. بەو چەشنە، شائیسماعیلی دووەم پاش ساڵ و نیوێک پاشایەتیکردن، لەتەمەنی 43 ساڵیدا دەمرێت.

لەزەمانی ئیمپراتۆری سەفەوی و عوسمانیدا، خەڵک لەو باوەڕەدابوون کە تلیاک، هێز و دلێری و ئازایەتیی بە مرۆڤ دەبەخشێت، لەبەر ئەوە سەرباز و شەڕکەرانی هەردوولا، پێش چوونیان بۆ شەڕ، تلیاکیان دەخوارد. لە ساڵی 940ی کۆچیدا، کاتێک **شاتاماسپی سەفەویی،** بۆی ئاشکرا بوو کە زەرەروزیانی تلیاک لە خێر وچاکەی پترە، فەرمانیدا چاندنی خەشخاش رابگیرێت و، تلیاککێشانیش قەدەخە بکرێت، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو، چۆنکە زۆربەی برا و خزمانی و، دەیان هەزار دانیشتوانی وڵاتەکەی، گیرۆدەی تلیاک بوون و، وازهێنانیان هەروا کارێکی سووک و هاسان نەبوو، لەبەر ئەوە فەرمانەکەی بۆ نەچووەسەر.

کاتێک **شاعەباسی سەفەویی** لە سەدەی 17ی زاینیدا چووە سەر تەختی پاشایەتیی، تلیاکخواردن و شیرەکێشان، گەورەکانی سوپا و سەربازەکانیشی گرتبووەوە. شا عەباس ترسی لێنیشت و، بۆ رزگارکردنی دەسەڵاتی خۆی و بنەماڵە و حکوومەتەکەی، فەرمانێکی دەرکرد و جارچییەکان، شار بە شار وگوند بە گوند دەگەڕان و فەرمانی شاعەباسیان بڵاودەکردەوە و، دەیانگوت: **"بە فەرمانی شای گەورەمان شای شاکان، شاعەباس، لەمەبەدواوە هەرکەسێک تلیاک وحەشیش بکێشێت، لەسێدارە دەدرێت!".** ئەوجا بەکردەوەوش دەستیکرد بە پاکتاوکردن و پاگژکردنی حکوومەت و سوپا و بارگە و، دەستوپێوەندەکانی لە کەسانی شیرەکێش و تلیاکی و ژمارەیەک خەلکی بێدەرەتانیشی لەسێدارە دا، بەڵام ئەمیش وەک شاتاماسپ لەهەوڵەکەیدا نەیتوانی سەرکەوێت، چۆنکە خواردنی تلیاک و بەکارهێنانی و چاندنی خەشخاش، پتر لەوە پەرەی سەندبوو کە ئەو بیری لێکردبووەوە.

گەڕۆکێکی ئۆروپایی بەنێوی **"تۆماس هێربەرت"**، کە لەسەردەمی حکوومەتی شاعەباسی سەفەویدا سەردانی ئێرانی کردووە، لەبیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: **"تلیاک کە لە گیایەک بەنێوی خەشخاس دیتە بەرهەم، لەهەموو ئێراندا دەخورێت. ئەز لە ئێراندا هیچ کەسێکم نەبینی کە کێشان و خواردنی ئەم مادەیە بەکار نەهێنێت!".**

**ساڵی 1794ی زاینی، پاش کوژرانی "لوتفعەلیخانی زەند" بەدەستی ئاغا محەمەدخانی قاجار، کۆتایی بە تەمەنی دەسەڵاتداریێتیی حکوومەتی کوردی زەند هێنرا، کە جگە لە کوردستان، دەسەلاتی هەموو ئێرانیشیان بەدەست بوو. سەردەمی حکوومەتی قاجارەکان کە تاکاتی رووخانی پتر لە 134 ساڵێکی خایاند، لەمێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێراندا بە قۆناخێکی گەلێک پڕ نەهامەتی و ئاڵۆز دەژمێردرێت. چۆنکە دەستپێکردنی فەرمانڕەوایەتیی شاکانی قاجار، هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و دەستدرێژیکردنیان بۆ داگیرکردنی وڵاتانی بەپیتوبەرەکەتی جیهان بەگشتی و رۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبەتیی. یەکێک لەو وڵاتانەی کە دەوڵەتەکانی کۆلۆنیالیستی بریتانیا و رووسیا هەوڵی داگیرکردنیان دا، ئێران بوو. رووسیا بە هەزاران کیلۆمەتر خاک و چەندین مەڵبەندی لە باکووری ئێرانەوە لێ داگیرکرد و، بریتانیاش، جگە لەوەی کە ئەفغانستانی لێ جیاکردەوە، هەروەها وڵاتی ئێرانی کردە نێوەندێکی سەرەکیی بۆ چاندنی خەشخاش و بەرهەمهێنانی تلیاک. چەندین گرێبەست لەنێوان شا و ئەندامانی بنەماڵەی و کاربەدەستانی ئێرانی لەگەڵ بەرپرسیارانی بریتانیادا لە ئێران مۆرکران و، کۆی ئەو تلیاکەی بەرهەم دەهێنرا، بەنرخێکی هەرزان دەیکڕی و، دەینارد بۆ بازارەکانی دەرەوە. لەوەوە بازرگانیی ئەفیون برەی زۆری لەئێران پەیداکرد و، جگە لە**

کاربەدەستە گەورەکان، هەروەها فیۆدال و دەرەبەگە گەورەکانیش بە دەستێکەڵکردن لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەت، بە مەبەستی پەیداکردنی داهاتی زیاتر، لە کێڵگەکانیاندا دەستیانکرد بە چاندنی گیای خەشخاش. لەوەوە تلیاک کەوتە نێو ژن و منداڵ و ژیانی هەزاران بنەماڵەی جۆتکاری گوندەکانەوە کە بەژیانێکی مەمرە و مەژیی، کاریان بۆ ئاغاکانیان دەکرد. لەشارەکانیشدا، جگە لەوەی کە هیچ بەربەست و ڕێگرتنێک بۆ پێشگرتن لە تووشبوونی خەڵک بە مادەی تلیاکەوە لەلایەن حکوومەتەوە دانەنران، بەڵکو چەندین شیرەکێشخانە و قاوەخانە لە تاران و شارە گەورەکان دامەزران کە پێشوازییان لەو مشتەریانە دەکرد کە بۆ مەبەستی کێشانی تلیاک، یان شیرە ڕوویان لەو شوێنانە دەکرد. کێشانی تلیاک بۆ شای وڵات و کاربەدەستانی گەورەی حکوومەت ئاسایی بوو. دەنگوباسی حەرەمسەرا و کۆڕی شایی و سەمای کەنیزەکان و سات و ڕابواردنی شەوانە و نێوبانگی تلیاککێشانی فەتعەلیشا و ناسرەدینشا و موزەفەردینشای قاجاڕ، لەهەموو ئێراندا دەنگی دابووەوە. لە پەرتۆکی "تاریخ عضدی"، کە لەلایەن "ئەحمەدمیرزا عێزەددەولە" وە نووسراوە، سەبارەت بە فەتحعەلیشا کە خاوەنی 158 ژن و 260 منداڵ بووە، نووسیویەتی:

(**فەتعەلی شا، هەموو شەوێک پاش خواردنەوە و تلیاککێشانی زۆر و ڕابواردن لەگەڵ ژنانی "حەرەمسەرا"، بە ماندوویی دەچووە نێو جێگە بۆ نووستن. تەختی نووستنی شای شاکان، زۆر پان بوو، کاتێک دەنووست، 18 ژنی جوان و کەشخە و دڵڕفێن دەبوو تا بەیانی بەدیارییەوە کێشک بدەن. دوو لە ژنەکان، بەرپرسی شێلانی دەست و پێ و پەنجەکانی پیرۆزی خاوەنشکۆ بوون. دەبوو، ژنەکان دووکەسیان بەلای دەستی ڕاستی، دوو ژنی دیکەش بەلای دەستی چەپیدا ڕابکشێن،**

**بۆ ئەوەی هەرکات قیبلەی جیهان، لەشیرینی خەودا بەلای راست، یان چەپدا سوورا، باوەشی پێدا بکەن و، هەست بە تەنیایی نەکات. ئەوجا، پێش نیوەڕۆ و، لەکاتی بەخەبەرهاتنی شای زانا و مەزنمان، شاپەروەرخانمی قەراجەداخی کەشخە و ناسک، بە جوانیی لەرادەبەدەری و، خاتوون قەراباخی ئەسفەهانی بە قسەی شیرین و گێرانەوەی مەتەڵی خۆش، مەلوولی و ماندوویی شەوی رابوردوویان لە لەشی پیرۆزی خاوەنشکۆ و "قیبلەی عالەم" دەردەکرد! ژنانی کێشکچی لە ژووری نووستنی شای پلەبەرزمان، بەسێ دەستەی شەش کەسی دابەشکرابوون و هەر شەوێک نۆرەی کێشکی شەش لە ژنەکان بوو).**



**تابلۆی شیرەکێشخانەیەکە لە وڵاتی چین، سەدەی نۆزدە لەلایەن نگارکێشێکی ئۆروپاییەوە کێشراوە!**

کاتێک میرزا تەقیخانی فەراهانی ناسراو بە "امیر کبیر" (میری مەزن) بوو بە سەرۆکوەزیرانی ئێران لەسەردەمی پاشایەتیی ناسرەدینشای قاجاڕ، فەرمانیدا چەندین کێڵگەی گەورە و بەرین لە نێزیکی پێتەخت لە تاران، تەرخان بکەن بۆ چاندن و بەرهەمهێنانی تلیاک. مەبەستی "میری مەزن" لە دەرکردنی ئەم بڕیارە ئەوە بوو، باری لاوازی ئابووریی وڵات راست بکاتەوە و، سەرچاوەیەکی ئابووریی بۆ خەزێنەی بەتاڵی دەولەت دابین بکات. بەپێی ئەو پلانە ئابوورییەی دەوڵەتی "امیر

**کبیر"، لەماوەی چەند ساڵێکدا ئێران بوو بە نێوەندی گەورە و سەرەکی لە بەرهەمهێنانی ئەفیۆن و، تلیاکی ئێران لە کەنداوەوە بە پاپۆڕ، بۆ وڵاتانی دنیا، لەوانە بۆ هێندستان و چین و رۆژهەڵاتی ئاسیا بەرێدەکرا.**

زۆربەی تلیاکی هەناردەی ئێران دەنێردرا بۆ ولاتی چین. لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا بە ملیۆنان مرۆڤی چینی تووشی مادەی تلیاک بوون. رۆژ لەگەڵ رۆژ کۆمەڵگەی چین، لەنێو زەلکاوی ئەفیۆندا پتر نوقم دەبوو. دەوڵەتی چین هەستی بەم مەترسییە کرد و بۆ پێشگرتن لەتەشەنەسەندنی زیاتری ئەفیون، دەستی بە خەباتێکی بەربڵاوکرد و، بڕیاریدا رێ لە هاتنی تلیاک بۆ نێو وڵاتی چین بگرێت. هێنان و فرۆشتنی تلیاک، لەئێرانەوە تاکو چین و رۆژهەڵاتی دوور، لەلایەن کاربەدەست و ئەفسەرەکانی ئینگلیز لە ئاسیا سەرپەرشتی دەکرا. لە هێرشێکی هێزەکانی چین دا بۆ سەر پاپۆڕێکی ئینگلیزیی، یەک ملیۆن و دووسەتو بیستوحەوت هەزار کیلۆ تلیاک گیران و، رژێندرانە نێو ئاوی زەریاوە. دەولەتی ئینگلیز لەساڵی 1840ی زایینیی، لەوەرامی ئەم کردەوەی دەوڵەتی چین، لە کەڕەنای جەنگی دا و، هێزێکی تەیار و پۆشتەی ئینگلیزی و هەزاران چەکداری وڵاتانی بندەستی کۆکردەوە و، پەلاماری ولاتی چینی دا. ئەم جەنگەی نێوان چین و ئینگلیز لە مێژوودا، بەنێوی **"جەنگی تلیاک"** نێوبانگی دەرکرد. ئاکامی جەنگی تلیاک بەزیانی چین شکایەوە و سوپای چین شکستی خوارد و لەساڵی 1856 دا، دەوڵەتی چین ناچار کرا شەش ملیۆن دۆلار بدات بە ئینگلیز - لەباتی نرخی ئەو تلیاکەی رژاندبوویە نێو زەریاوە. دەولەتی چین هەروەها ناچارکرا تا پازدە ملیۆن دۆلاری دیکەش لەباتی خەسارەتی کەلوپەلی جەنگیی بدات بە دەوڵەتی ئینگلیز. بەدوای سەپاندنی ئەو رێککەوتننامە نامرۆڤانەیە بەسەر چینییەکاندا، سەر لەنوێ هێنانی تلیاک لە ئێران و هێندستانەوە بۆ وڵاتی چین دەستیپێکردەوە.

کۆتایی جەنگی تلیاک، ئەگەرچی بەسەرکەوتنی ئینگلیز و تێکشکانی چین تەواو بوو، بەڵام لەرووی سیاسی و لە روانگەی دنیای مرۆڤایەتییەوە زیانێکی گەورەی بە ئینگلیز گەیاند و، دیمۆکراسی و شارستانییەتی ئینگلیزی بردە ژێر پرسیارەوە. هەر ئەو کات، ئەندام پەرلەمانێکی ئینگلیز بە نێوی **"گلادستۆن"**، کە دواتر بوو بە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، دژی جەنگی تلیاک لێدوانی دا و، رەخنەی توندی ئاراستەی دەوڵەت و سوپای ئینگلیز کرد و، گوتی: **"جەنگی تلیاک لەئاستی دنیا، شەرمەزارییەکی گەورە بوو بۆ ئینگلیز. ئەز لە مێژووی وڵاتەکەمدا، هیچ جەنگێک لە جەنگی تلیاک، شەرمهێنەرتر شک نابەم..."**.

**دوکتۆرێکی ئینگلیزی بەنێوی "ئیلگان" کە ساڵی 1870 پزیشکی باڵوێژخانەی ئینگلیز بووە لە تاران، لەبیرەوەرییەکانیدا ئاوای نووسیوە:**

**"تلیاک"، بەشی گرنگ و سەرەکیی لە هەناردەی ئێران بۆ دەرەوە پێکدێنێ. زۆربەی جۆتکارەکانی ئێران، لە کێڵگەکانیاندا لەباتی میوە و گەنم و دانەوێڵەی دیکە، گیای خەشخاش دەچێنن".**

لەسەردەمانی کۆن و نوێدا، جگە لە پاشاکان و دەسەلاتداران و چینەکانی رەبەن و، زەنگینی ولات، هەروەها وێژەڤان و هەڵبەستڤان و زانایانی گەورەی ئێرانیی، زۆربەیان گیرۆدە و هۆگری ئەفیۆن بوون. بۆ وێنە شاعیرانی بەنێوبانگی ئێران، لەوانە: **فەروخی، حافزی شیرازی، شێخ عەتاری نەیشاپووری، فێردەوسی، مەسروور، ناسر خوسرەو، مەولەی، سەعدی، فەخر گورگانی و مەلک الاشعرای بەهار** و ... هتد، کە لە چاخ و زەمانی جۆراوجۆردا ژیاون، حەز و ئارەزوو و هەستی دەروونی خۆیان بەرامبەر مادەی "ئەفیون" بە هۆنراوە دەربڕیوە.

**ناسر خوسرەو دەڵێ:**

**چه حال است اینکه مدهوشند یکسر**

که پنداری که خوردستند هیپون

(چ قەوماوە کە هەموو بێهۆشن، وەک بڵێی تلیاکیان خواردبێتەوە!)

(شایانی باسە، لەزەمانی کۆن لە ئێران بەتلیاک، هیپون  وئەفیون" یش دەگوترا!)

فەخر گورگانی لە داستانی (وەیس و رامین) دا دەڵێ:

شکر هر چند خوش دارد دهان را

نه چون تریاک سازد خستگان را

(شەکر هەرچەندە تامی زار خۆش بکات، لێ وەک تلیاک، کەیفی نەخۆشان ساز ناکات).

سەعدی شیرازی دەڵێ:

تا تریاک از عراق آید مار گزیده مرده باشد .

(تا تلیاک لە عێراقەوە بگا، مارگەستوو مردووە!)

مەلک الاشعرای بەهار، بەسەردان دەچێت بۆ ولاتی سویس و لەوێ خەم و ماتەم و حەسرەتی دووری خۆی لە دڵدارەکەی کە (تلیاکە)، بە شیعر دەهۆنێتەوە و، دەڵێ:

روزگار آشفتگی دارد به سر کو همدمی

تا ز فیض صحبتش خاطر بیاساید دمی

آتش و ابر و دم و دود است پیدا در افق

کو مقامی امن و جائی محرم  و دود و دمی

(لەم رۆژگارە شێواوە دا، هاوڕازو هاودەمێکم دەوێ تا لە وتەی بەپیزی، دڵ ئۆقرە بگرێت تاوێک. ئاگر و هەور و مژ و دووکەڵ دیارن لە ئاسۆوە، کوانێ جێگە و پەنایەک و دووکەڵ ومژێک).

هەروەها حافزی شیرازی، ٧٠٠ ساڵ لەمەوبەر، لە مەی و ئەفیون  وحەشێش دەدوێ و، دەڵێ:

یک چند به یاقوت تر آلوده شدیم

یک چند پی زمرد سوده شدیم
آلودگی بود به هر نحو که بود
شستیم به آب توبه آسوده شدیم.

(سەردەمێک بە مەی تەڕەوە وەردراین، سەردەمێکیش بە بەنگ و حەشیشەوە ئۆقرەمان دەگرت، هەرچۆنێکی بلێی، هەردووکیان تاوان بوون، خۆمان بە ئاوی تۆبە ششت و رزگاربووین).

دوو پزیشکی بەنێوبانگ و ناسراوی ئێرانی بەنێوی زەکەریای رازی و ئەبوو عەلی سینا کە چەند سەت ساڵ لەمەوبەر ژیاون، لە تلیاک بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان کەڵکیان وەرگرتووە و، لە نووسراوەکانیاندا، تلیاکیان بە مادەیەک نێوبردووە کە چارەسەرکردنی نەخۆشیی بەکار دەهێنرێت و، کاریگەریی زۆری هەیە لە دەرکردنی ماندوویی لە لەشی مرۆڤ.

بەکورتی، لەسەردەمی قاجاڕدا، ئەفیون ریشەی لەنێو ژیان و گوزەران و، کولتوور و ئابووریی کۆمەڵگەی ئێراندا داکوتا. شاکانی قاجاڕ و دەوڵەتەکانیشیان، بۆ دابینکردنی بووجەی وڵات، بەپلەی یەکەم پشتیان بە چاندنی خەشخاش و بەرهەمهێنانی تلیاک بەستبوو. ئەو سیاسەتە ئابوورییەش بەردەوام پێڕەوکرا تاکو ساڵی 1925 - 1924 کە فەرماندەیەکی هێزی قەزاق بەنێوی "رەزاخانی میرپێنج"، بەنەخشەی ئینگلیز، کۆتایی هێنا بە حکوومەتی بنەماڵەی قاجاڕەکان و، لەجێی رژێمی پاشایەتیی پەهلەوی دامەزراند و، نێوی رەزاشای لەخۆی نا.

## دیاردەی مادەهۆشبەرەکان،

## لەسەردەمی رژێمی پاشایەتی پەهلەوی دا!

**پاش رووخانی حکوومەتی قاجار و بەدەسەڵاتگەیشتنی رەزاشا و، دامەزراندنی دەولەتی ناسیۆنالی فارس لەساڵی 1925ی زایینی،** دیاردەی ئەفیون وەک خۆی ما و، بەوێنەی سەردەمی حکوومەتی قاجار، لەزۆربەی ستانەکانی ئێران گیای خەشخاش دەچێندرا. ساڵی 1926 شاندێکی کۆمەڵی دەولەتان سەردانی ئێرانیان کرد و، سەبارەت بە ئاستی بەکارهێنانی تلیاک لە ئێران لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدا. پاشان راپۆرتێکیان ئامادەکرد و، تێیدا نووسییان: **"پتر لە 50%ی خەڵکی ئێران تلیاک دەکێشن و، لەزۆربەی گوندەکانیش کێشان و خواردنی تلیاک، بۆ دەرمانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشیی کەڵکوەردەگرن.**

زۆربەی فیۆدالەکان کە زۆرینەی داهات و، بەروبووی کشت و کاڵییان بەرێگەی کشتی خەشخاش و فرۆشتنی تلیاکەوە دابیندەکرا، حکوومەت نەیدەزانی بە کێی دەفرۆشن و، داهاتی ساڵانەشیان چەندە. لەکاتی سەردانی چاودێر و ژاندارمی حکوومەت بۆ سەر مووچە و مەزراکانیان، بە دانی بەرتیل کە بریتیبوو لە پووڵ و تلیاک پێیان، خۆیان لە ئاست ئاشکراکردنی چاندن و رێژەی داهاتی ساڵانە و، باجدان بە حکوومەت لادەدا، ئەوەش راستەوخۆ زیانی بە داهات و بووجەی حکوومەت دەگەیاند. بۆ پێشگرتن لەم دیاردەیە، ساڵی 1925 بۆ یەکەمجار قانوونی ژمارە 275 لەلایەن **"مجلس" (پەرلەمان)**ی ئێرانەوە پەسندکرا و، نێوەرۆکەکەی بەم چەشنە بوو: **"دەوڵەت پێویستە چاودێریی بەرهەم و بلاوکردنەوەی تلیاک و تووتن بکات و، تەنێ دەوڵەت مافی هەیە، هەناردەی تلیاک بۆ دەرەوەی وڵات ئەنجام بدات". (قانوونی ژمارە 275)، ئەم دوو تێبینییەی خوارەوەی لەخۆ گرتبوو:**

**1- هەر کەسێک تلیاک دەکێشێت، پێویستە "سوختە"ی (١*) تلیاکەکەی بدات بە حکوومەت.**

**2- هەر کەسێک بەنیازی سەرفەر و گەڕان لە سنووری ولات دەچێتە دەرەوە و، لەمسقاڵێک تلیاک پتری پێبێت، بە قاچاخ حسێب دەکرێ و، تلیاکەکەی لێ زەوت دەکرێت.**

قانوونی ژمارە 275، نەتەنێ نەبووە هەنگاوێک بۆ لەنێوبردنی تلیاک و، دیاردەی تلیاککێشان، بەڵکو حکوومەت ناڕاستەوخۆ هانی خەڵکی دا تا خەشخاش بەرهەم بهێنن، بەمەرجێک باجی حکوومەتی لێبدەن. هەروەها ئەم بڕیارەی حکوومەت، بەرنامەیەکی گونجاو و بەکردەوە نەبوو تا گوشار بخاتە سەر بازرگانەکان و فرۆشیارانی گەورەی تلیاک، کە زۆرینەی داهات و، هەناردەی تلیاکیان پاوان کردبوو، ناچاریان بکات باج بە دەوڵەت بدەن و، واز لە فرۆش و ساتوسەودای نایاسایی تلیاک بهێنن. لەبەر ئەوە حکوومەت دیسان لەرێکەوتی 16ی گەلاوێژی 1307 هەتاوی (1928) یاسایەکی نوێی دەرکرد کە ئەمیش وەک یاسای پێشوو، 2 تێبینیی لەگەڵ بوو:

**1- هەر کەسێک لە سنوورەکانی ولات دەچێتە دەرەوە، دەتوانێت تا (16) مسقاڵ سوختە (خڵتە) ی تلیاک لەگەڵ خۆی ببات، ئەگەر کەسێک ویستی لەو ڕێژەیە پتر بباتە دەرەوە، پێویستی بە دانی باج هەیە.**

**2- نرخی باجی دیاریکراو لە (16) مسقاڵ بۆ سەرەوە، بریتییە لە (1) قەران بۆ خڵتەی تلیاک. بۆ تلیاکیش (2) قەران و نیو (2/50 دینار) باجی هەیە.**

ئەم یاسایەش زیانی لە سوودی زیاتر بوو بۆ خەڵک و، لەوە بەدواوە خەڵک ڕوویانکردە **پێتاندنی خڵتەی تلیاک (شیلە).** چۆنکە باجی خڵتەی تلیاک، لە تلیاک خۆی کەمتر بوو. لەکاتێکدا کارکردی **"شیلە"** بۆ لەش و مێشکی مرۆڤ بەدەیان جار لە تلیاک پترە. **(شایانی باسە، لەئێراندا بە شیلەی تلیاک دەڵێن (شیرە) و، بەکەسانی**

**تووشبووی "شیله" ش دەڵێن (شیرەیی).** دەرکردنی یاسای نوێ، بوو بە هۆی ئەوە کە بەسەتان **شیرەکێشخانە** لەوڵات دابمەزرێن و، کۆمەڵە خەڵکێک پەیدا بن کە داهات و بژێویی ژیانیان بەڕێگەی بەڕێوەبردنی شیرەکێشخانەوە دابین بکرێت.

**لاوازیی بووجەی حکوومەت و، شێواویی بازاڕ و باجنەدان بە حکوومەت لەلایەن زۆرینەی ئەو کۆمەڵە خەڵکەوە  کە ساتوسەودا و بازرگانییان بە ئەفیۆنەوە دەکرد، حکوومەتی ناچار کرد بکەوێتە هەوڵ بۆ بنبڕکردنی و،  لەنێوان ساڵانی 1929 هەتا مانگی پووشپەڕی 1934، چەندین بڕیارنامەی دەستەی وەزیرانی ئێران، سەبارەت بە چاودێریکردنی رادەی بەرهەمهێنانی تلیاک لەوڵات و کۆنترۆڵکردنی هەناردەی ئەفیون بۆ دەرەوەی ولات، بلاوکرانەوە، بەڵام بڕیارنامەکان هەر لەسەر کاغەز مانەوە و نەکەوتنە بواری جێبەجێکردنەوە، هۆکەشی ئەوە بوو، کاربەدەستانی حکوومەت بۆخۆشیان لە سوود و داهاتی زۆروزەوەندی ئەنفیوندا دەستی باڵایان هەبوو. هەروەها بەشێکی زۆر لە وەزیران و کاربەدەستان و، فەرمانبەرەکانی حکوومەت و، تەنانەت رەزاشا و، ژنەکەی (تاج ئەلملوک)، گیرۆدەی تلیاک بوون و ئەم راستینەیەش لە بیرەوەرییرکانی تاج ئەلملووک هاوسەری یەکەمی رەزاشادا ئاماژەی پێکراوە.**

وەک دەزانین **سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران** لەو کات و سەردەمەدا، **سیستەمێکی نیوەکۆلۆنی و، تەواو فیۆدالی بوو. بژێویی پتر لە 90%ی خەڵک و، بووجەی حکوومەت و، مووچەی سوپا و فەرمانبەری ولات بەرێگەی بەروبووی کشتوکاڵییەوە دابیندەکرا و، بایەخی گرنگ و سەرەکیی درابوو بە بەرهەمهێنانی تلیاک و توتن.** پیشەسازیی وڵات بریتیبوو لە پیشەی دەستی و، **مانۆفاکتۆر** - وەک مسگەری و مافوورچنین و، ئاسنگەری و زێڕنگەری و بیناسازی و مێعماری

بەشێوازی سەردەمی سەفەوی و ... هتد. لەبەر ئەوە ئەو پیشەسازییەی کە هەیبوو، تەنیا لەنێوخۆدا بازاڕی هەبوو، لەدەرەوە وڵات کڕیارێکی نەبوو.

پێش بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕەزاشا، **نەوت (پەترۆڵ)** لە ئێران دۆزرابووەوە و، لە **ساڵی 1901 دا "کۆمپانیای ویلیام ناکس دارسی" بریتانیا، گرێبەستێکی لەگەڵ موزەفەردینشا و، سەرۆکوەزیرانەکەی (ئەمین سوڵتان) دا مۆرکردبوو. لەرێککەوتننامەکەدا نووسرابوو: "کۆمپانیای دارسی مافی پێدراوە بۆ ماوەی 60 ساڵ هەڵێنجان و فرۆشتنی نەوت لە ئێران ئەنجام بدات". نەوتی ئێران سەرەتا لەشاری "مزگەوتی سلێمان" دۆزرایەوە کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە و، دانیشتوانەکەی کوردی لۆڕن (*3). کۆمپانیاکە دواتر چەندین چاڵە نەوتی دیکەی لە خوارووی لۆڕستان و، پارێزگەی خۆزستان دۆزییەوە، بەڵام دۆزینەوەی نەوت، بۆ خەڵک و، تەنانەت بۆ حکوومەتی ئێرانیش هیچ سوودێکی نەبوو. چۆنکە هیچ پوولێک لە داهاتی نەوت نەدەچووە سەر بووجەی حکوومەتەوە.** ڕێککەوتننامەی نەوتی نێوان ئێران و بەریتانیا درێژەی کێشا، تا ئەو کات **دوکتۆر موسەدق سەرۆکوەزیرانی ئێران** لەساڵی **1953**ی زایینی، بەڕێخستنی بزاڤێکی گەورەی جەماوەریی، ڕێککەوتننامەکەی هەڵوەشاندەوە و، هەندازیاران و فەرمانبەرەکانی بەریتانیاشی لە کێڵگە و پاڵاوگە نەوتییەکانی ئێران کردە دەرەوە.

**پاش ئەم ڕۆنکردنەوە کورتە، درێژە بە باسەکەمان دەدەین!**

وەک لەپێشدا ئاماژەمان کردپێی، دیاردەی ئەفیون لەسەردەمی حکوومەتی ڕەزاشای پەهلەویدا بەوێنەی سەردەمی قاجاڕ وەک خۆی مایەوە. لە ساڵانی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بریتانیا ڕەزاشای لەسەردەسەڵات لابرد و، گواستییەوە بۆ باشووری ئەفریقیا، چۆنکە ببوو بەدۆستی ئەڵمانی نازی و پشتی لە

ئینگلیز کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بریتانیا سەڵتەنەتی بۆ بنەماڵەی رەزاشا هێشتەوە و، کوڕەکەی (محەممەدرەزا) ی لەجێی باوکی لەسەر تەختی پاشایەتیی ئێران دانایەوە. ئەوجا دەوڵەتی محەممەد ڕەزاشا لەساڵی 1947ی زاینیدا، بەمەبەستی چاودێریکردنی راستەوخۆی دەوڵەت بەسەر چاندنی خەشخاش لەلایەن جۆتکارەکانی وڵاتەوە و، بڕینەوەی باجی ساڵانە بەسەریاندا، فەرمانێکی دەرکرد و، چاودێر و جەندرمەیان نارد بۆ سەردانی هەموو مەڵبەندەکان و نێونووسکردن و ئاگادارکردنیان لەخستنەڕووی رێژەی داهاتی بەروبووی کشتوکاڵییان. پشتیوانیی وڵاتانی رۆژاڤا لە رژێمی شا، هۆیەک بوو بۆ سەقامگیربوونی زیاتری رژێمەکەی، کە بتوانێ داوودەزگەی ئیداریی دابمەزرێنێ و، بەشێوەیەکی باشتر و سازماندراوتر بووجەی وڵاتەکەی بەپێی داهاتی نێوخۆ دابڕێژێت. بەرە بەرە، حکوومەت توانی چاودێریی هوردتر بخاتەسەر کێڵگەکانی خەشخاش و میوە و مافوور و ناردنیان بۆ بازاڕەکانی دەرەوە و، پووڵ وپارەیەکی باش بۆ خەزێنەی دەولەت کۆبکاتەوە. لەسەرەتای شەستەکانی زاینیدا، فەرمانێکی دیکە دەرکرا سەبارەت بە نێونووسکردنی ژمارەی تووشبووانی مادە بێهۆشکەرەکان و بڕینەوەی جیرەی تلیاک کە هەموو رۆژێک بدرێ پێیان. ئەم بڕیارە پتر تووشبووانی شارەگەورەکانی گرتەوە.

**سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیست، هاوکات بوو لەگەڵ بەرزبوونەوەی کتوپڕی نرخی نەوت لە جیهان و، دەولەتی ئێران بەهۆیەوە داهات و بووجەیەکی زۆری دەستکەوت، ئەوەش رژێمی هاندا لەرێژەی بەرهەمهێنانی تلیاک لە ئێران کەم بکاتەوە و، زیاتر پشت بە داهاتی نەوت ببەستێت. بۆ ئەم مەبەستە پلانێکیان داڕشت و، بڕیاریاندا لەوە بەدواوە لە زۆربەی ستانەکانی ئێران پێش لە چاندنی**

**خەشخاش بگیرێ و، تەنیا چەند نێوچەیەک دیاریبکەن کە لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی وەزارەتی تەندروستیدا تلیاک بهێنرێتە بەرهەم بۆ دابینکردنی دەرمانی نەخۆشخانەکانی ئێران. بەڵام بەشێک لە جۆتکارەکانی ئێران کە پێشتر بێگارییان بۆ ئاغاکانیان دەکرد و، لەساڵی 1962 وە، بەهۆی "شۆڕشی سپی"** (***پڕۆژەی دابەشکردنی زەوی لەلایەن شاوە بەشۆڕشی سپی ناوی رۆیی!***)**، ببوون بە خاوەنی زەوی و، ساڵانێکی دوورودرێژ، لە چاندنی خەشخاش و بەرهەمهێنانی تلیاکدا شارەزایی تەواویان پەیداکردبوو**، ئاگاداری داهاتی زۆروزەوەندی تلیاک بوون، بۆیە پاش دەرکردنی بڕیاری دەوڵەت، ئەمجارەیان ڕوویانکردە چاندنی خەشخاش و، بەرهەمهێنانی تلیاک بەشێوەی نهێنی و، بەرهەمەکەشیان بەدزییەوە دەگەیاندە دەستی کڕیار و قاچاخچییەکانی تلیاک. هەروەها بەشێک لەو تلیاکەی وەزارەتی تەندروستیش بەڕێگەی فەرمانبەرەکانییەوە، دەفرۆشرا بە خەڵک. لەبەر ئەوە بڕیارەکەی دەوڵەت بە کردەوە نەیتوانی جێبەجێ بکرێت.

کاربەدەستانی حکوومەتیش لەجێبەجێکردنی بڕیارەکەیاندا شێلگیر ومکوڕ نەبوون. زۆری نەخایاند فرۆشتنی تلیاک و شیرە و حەشیش و سوختە و ... هتد، بە ئازادی و بێ هیچ گیروگرۆیەک لەنێو ماڵان و چایخانەی شارەکان و، گەڕەکەکانی ژنانی خۆفرۆش، لەشارەکانی ئێراندا بڵاودەکرانەوە. بەسەتان شیرەکێشخانە لە شارەکان شەو و ڕۆژ کاریان دەکرد و، خاوەنەکانیان بە **"نگاری و کەرستەی تایبەت بەشیرەکێشانەوە"** پێشوازییان لە مێوان و مشتەری دەکرد.

**لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی ڕژێمەوە، لەساڵی 1353ی هەتاوی (1974)، سەرژمێری تووشبووانی مادەسڕکەرەکان کرا و، ژمارەیان بە نیو ملیۆن (٥٠٠) هەزار کەس بەراورد کرا. شایانی گوتنە، ئەم نیو ملیۆن کەسە، تەنێ تلیاکخۆر و**

**شیرەکێشی شارە گەورەکانی دەگرتەوە و، ئەو دەیان هەزار جۆتکارەی کە لە گوندەکاندا خەشخاشیان دەچاند و، تلیاکیان بەرهەم دەهێنا، پێویستیان بە وەرگرتنی جیرەی رۆژانەی تلیاکی حکوومەت نەبوو، لەبەر ئەوە ژمارەی راستینەیان زۆر لەوە پتر بوو کە حکوومەت رایگەیاندبوو.**

لەنێو بازاڕی شارەکاندا دوو جۆرە تلیاک هەبوون، جۆرێکیان نێوی **"تلیاکی کۆپێنی"** بوو کە دەوڵەت وەک جیرەی رۆژانە دەیدا بە تووشبووانی تلیاک، بەڵام لەلایەن فەرمانبەرەکانی دەوڵەتەوە، بەشێکی زۆری دەفرۆشرا و، دەهاتە بازاڕەوە. جۆرەکەی دیکەی نێوی **"تلیاکی سەناتۆری"** بوو، کە تایبەت بوو بە چینی دەولەمەند و کاربەدەستان و بەشێک لە بەگزادە و دەرەبەگی کوردەواری و، سفرە و خوانی مێوانداریێتییان پێدەرازاندەوە. تلیاکی سەناتۆری، وەک لەنێوەکەیڕا دیارە، نرخی گرانتر بوو.

دوو لە ئەندامانی بنەماڵەی شا، وەکو **ئەشرەف پەهلەوی (خوشکی شا) و، (شاپوور غوڵامڕەزا)** برای شا، کارگێڕی سەرەکی و سەرۆکباندی "مواد مخدر" بوون لە ئێران. ئەشرەف و حەمەڕەزاشا (لفەدووانە) بوون و، ئەشرەف بە چەند کاتژمێرێک زووتر لە حەمەڕەزای برای هاتبووە دنیاوە. ئەم وتەیەش لەزمانی دایکیان، **"تاجەلملووک"** **ەوە** وەرگیراوە کە لە بیرەوەرییەکانیدا باسی لێوە کردووە و، دەڵێ: **"هۆی لاوازبوونی حەمەڕەزا لەڕووی لەش و جەستەوە ئەوە بوو کە ئەشرەف بە چەند کاتژمێر پێش حەمەڕەزا لەدایکبوو"**. ئەشرەف، جگە لە سەرپەرشتیکردنی قاچاخی تلیاک لە ئێرانەوە بۆ دەرەوە و، بۆ وڵاتانی ئۆروپا کە لەو ڕێگەشەوە سامان و داراییەکی زۆری پێکەوە نابوو، لەڕووی کەسێتیشەوە ژنێکی ملهۆڕ و دەسەڵاتخواز و نێربازێکی کەموێنەبوو. جاری وا هەبوو، لەکاتی

بەشداریکردنی لە بۆنە فەرمییەکاندا، گەر ئەفسەرێکی جوان و قۆزی بدیبایە، وەک هەڵۆ چۆن راوی نێچیر دەکات، هەڵیدەگرت و دەیبردە کۆشکەکەیەوە. برا بچکۆلەکەی ئەشرەف بەنێوی شاپوور غولامرەزا سێ هەزار کامیۆن و تریلی هەبوو کە بەچوارقورنەی ئێران و وڵاتانی دراوسێی ئێران و، بەوڵاتانی ئۆروپادا هاتوچۆیان دەکرد و، تلیاکیان دەگواستەوە.

لەو چاخ و رۆژانە و، لە دەرەوەی بازنەی مافیای بنەماڵەی شادا، مافیایەکی گەورەی دیکەش هەبوو کە سەرۆکەکەی نێوی **دایی قاسم، (خاڵۆ قاسم)** بوو. دایی قاسم، خەڵکی شاری هەمەدان بوو. هەرکاتێک یەکێک لە هاژۆری تریلییەکانی خاڵۆقاسم بارێکی تلیاکیان دەگواستەوە بۆی، ئۆتۆمۆبیلێکی بێنزی ئەڵمانی تازەی سفر کیلۆمێتری پێشکێشدەکردن. دایی قاسم، سامان و داهاتێکی زۆری پێکەوە نابوو، بەسەتان کەس لەئەفغانستان و، پارێزگەکانی ئێران و، لە تورکیا کاریان دەکرد بۆی. بەدەیان فەرماندەی پرسگەکانی پۆلیس و ژاندارمی سەر جادەکانی بەپووڵ کڕیبوو. رژێم بڕیاری لەنێوبردنی خۆی و باندەکەی دا، ئەوە بوو هێرش کرایە سەری و گرتیان و لەسێدارەیان دا، بەوەش گۆڕەپانەکە بەتەواوەتیی لەبەردەم باندی ئەشرەف پەهلەویدا ساف کرا.

## مادەهۆشبەرەكان لەرۆژهەڵاتی كوردستان،
## لەسەردەمی رژێمی پاشایەتیدا!

رژێمی حەمەڕەزاشا سیاسەتێكی رەگەزپەرستانەی لەدژی نەتەوەی كورد پێڕەو دەكرد. بەردەوام هەوڵی تواندنەوەی فەرهەنگی و ئابووری و نەتەوەیی كوردی دەدا. بەشەكانی سەرووی كوردستان وەكو ستانی ورمێ و، سنە، لەهەموو مافێكی نەتەوەیی و فەرهەنگیی بێوەری كرابوون، لەستانەكانی خوارووی كوردستان، وەكو ئیلام و لۆڕستان و بەختیاریی، گەلێک لە زەوی و كێڵگەكان دەستنیشانكرا بۆ چاندنی خەشخاش. بەدوای دەركردنی ئەو بڕیارەی رژێم، لەنێوچەكانی كوهدەشت و چێگێنی و پێڵ دوختەر تا دەگاتە دێزەفۆڵ و.. هتد، چاندنی گیای خەشخاش لەلایەن جۆتكارەكانەوە دەستپێكرا. بەرە بەرە جۆتكارەكان خۆیان و منداڵەكانیان فێری تلیاككێشان بوون و، لە پاش تێپەربوونی چەند ساڵێک هەزاران كەس بوونە هۆگر و گیرۆدەی تلیاک و لەرەوتی خۆیدا چوارچێوەی هەزاران بنەماڵە لە شار و گوندەكان لەبەر یەک هەڵوەشێندرا، لەلایەكی دیكەوە، پاش ئەوەی جۆتكارەكان زانییان بەرێگەی قاچاخەوە داهاتی زیاتریان دەستدەكەوێت، بوونە قاچاخچی، یان تێكەڵ بە مافیاكانی قاچاخی تلیاک و هێرۆئین بوون. لەوەوە كولتوورێكی نوێی رووخێنەریان وەرگرت و لەچوارچێوەی چینێكی خزمەتگوزار و بەرهەمهێنەر چوونە دەرەوە و، تێكەڵ بە بازرگانانی ئەفیون و مەرگ بوون، كە داهات و بژێوییان بەرێگەی تووشكردنی خەڵک بە ئەفیون و، زیانگەیاندن بە كۆمەڵگەوە دابیندەكرا.

لە شاری كرماشان، سەیرانگەی تاقەوسان و، چایخانەكانی چوارڕێیانی جوانشێر و ئۆجاق و دەرەتەویلە و دەوڵەتاوا و چایخانەكانی جادەی فرۆكەخانە ... هتد، نێوەندی بڵاوكردنەوەی هێرۆین و تلیاک بوون. مافیای مواد مخدر، بە شارێی ئێران – توركیا، لە بازرگانەوە و، بە لۆری و ئۆتۆمۆبیلی دیكە، مواد مخدریان دەگەیاندە توركیا و، لەوێوە بۆ وڵاتانی ئۆرووپا بەرێدەكرا. هێڵێكی دیكە، لە ورمێ وە دەگەیشتە "گەوەڕ" (سلۆپی) لە

باکووری کوردستان و، ژمارەیەک کوردی نێوچەکەش لە گواستنەوە و هێنان و بردنیدا یاریدەیان دەکردن. شاری سنە، کە سەردەمانێک پێتەختی رێبەری مەزنی کورد هەڵۆخانی ئەردەڵان بوو، لەنێوەڕاستی شاردا قەڵایەکی بەرز و پۆڵایینی سازکردبوو، لەنێو خەڵکدا بە "بانقەڵا" نێوبانگی بڵاوببووەوە. کاتێک قاجارەکان، لە ئێران دەسەلاتیان گرتە دەست و، حکوومەتی کوردی زەندیان رووخاند، کوردستانیشیان داگیرکرد و قەڵای سنەیان خاپوور کرد و، هەرچی بەردی مەڕ مەڕ و کاری دەستکردی دەگمەن و بایەخداری تێدا بوو، دزرا و تالآنکرا و، لە تاران، "کۆشکی گوڵستان" یان پێ ساز کرد. پاشان کە رەزاخان بە پشتیوانیی ئینگلیز، حکوومەتی قاجارەکانی رووخاند و، دەولەتی ناسیۆناڵی فارسی دامەزراند، قەڵای سنەی کردە پێگەی سەربازیی. ئەوجا پاش کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی، کە ئینگلیزەکان حەمەڕەزاشایان لەسەر تەختی پاشایەتیی دانا، ئەمیش بەوێنەی باوکی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی بەرامبەر بە کورد درێژە پێدا و، هاوکات لەگەڵ هێشتنەوەی قەلای سنە وەک پێگەی سەربازیی، بۆ ونکردنی رۆژانی مێژوویی و بەشکۆی قەلاکە لەنێو دڵی کوردان، لەسەر ئاسەواری رووخاوی قەڵا، گەرەکێکی لێ سازکرد و، کۆمەڵێک لە ژنانی خۆفرۆشی تێدا کۆکردەوە، بۆ ئەوەی هەتا هەتایە نێو و شوێنی قەلای هەڵۆخان لای کوردان ببێت بە شوێنێکی دزیو و بەدنێو و، کورد خۆیشی بە بێزێزییەوە نێوی ببات. هەر لەم شوێنەشەوە باندەکانی تلیاک و هیرۆین کەدەستی رژێمی تێدا بوو، مواد مخدریان بەنێو شەقام و کۆڵانەکانی شاری سنەدا بڵاودەکردەوە.

**بەکورتی، لەسەردەمی رژێمی حەمەڕەزاشادا، دیاردەی تلکیاک و، جۆرەکانی دیکەی مادەسڕکەرەکان نەتەنێ بنبڕنەکران، بەڵکو لەنێو خەڵکدا زیاتر پەرەیان سەند. لەگەڵ ئەوەشدا رژێم توانی چاودێریی هوردی چاندن و داهات و دەرکەوت و رادەی پێویستی وەزارەتی تەندروستی و، هەروەها ژمارەی تووشبووانی وڵات دەستنیشان بکات.**

## دیاردەی مادەهۆشبەرەکان

## لە ئێران، پاش دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی!

**پاش سەرخستنی شۆرشی ئیسلامیی ئێران لەمانگی ریبەندانی ساڵی 1979 لەلایەن ئایەتوڵا خومەینی و، دارشتنی بناخەی کۆماری بنچینەگری ئیسلامیی ئێران، دەوڵەت و پەرلەمانی ئیسلامی و، ئۆرگانەکانی سیاسی و، کۆمەڵایەتیی وڵات، لەجێی ئۆرگان و داوودەزگەکانی رژێمی پێشوو دانرانەوە،** بەڵام یاسای نوێ، کە لەلایەن ئایەتوڵلاکان و، پێرەوانی نێزیکی "ئایەتوڵلا خومەینی"یەوە دارێژرا، دەسەڵاتێکی لەرادەبەدەری بۆ **"وەلی فقیە"** واتە بۆ (ئایەتوڵلا خومەینیی) دستنیشانکرد.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی رژێمی ئیسلامییەوە، دوو کێشەی سیاسی و کۆمەڵآیەتیی لەبەردەم کاربەدەستاندا بەزەقی خۆی نواند، یەکەمیان کێشەی نەتەوەی کورد بوو لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کە پاش رووخانی رژێمی دیکتاتۆری حەمەرەزاشا، نەیدەویست جارێکی دیکە زنجیری کۆیلەتیی بخرێتەوە ملی و، جەختی لەسەر وەرگرتنی مافی سیاسی و فەرهەنگیی خۆیدەکرد. بەردەوامبوونی ئەو دۆخە ئازاد و سەربەستە لە کوردستان، بێگومان کاری دەکردە سەر گەلانی دیکەی بندەستی ئێران و، لە ئاکامدا کۆسپی گەورەی لەبەردەم سیاسەت و، ئامانجی داگیرکەرانەی دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامییدا دروستدەکرد **- کە بەتەمابوون لەژێر درۆشمی "صدور انقلاب"، لەنێو وڵاتانی ئیسلامیدا، پەرە بە ئایدۆلۆژی و ئامانجی داگیرکەرانەیان بدەن.**

**کێشەکەی دیکەی رژێم، کێشەی لەمێژینەی مادەهۆشبەرەکان بوو کە دەبوو بۆ ئەوەش، چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە. سەبارەت بە کێشەی کوردستان، دەزانین**

**ئایەتۆڵڵا خومەینی فەرمانی جیهادی لەدژی نەتەوەی کورد دەرکرد، کە ئەو باسە پێوەندیی بەم بابەتەمانەوە نییە و، لەسەری ناڕۆین. بەڵام لەپێوەندی لەگەڵ مادەهۆشبەرەکاندا ئایەتۆڵڵا خەڵخالی خوێنخۆری دەستنیشانکرد و، هەموو دەسەلاتێکیشی داپێی.**

**ئایەتۆڵڵا خاڵخاڵی لەوەرزی هاوینی ساڵی 1980ی زایینی، هێزێکی پاسداری ئیسلامیی خستەڕێ و، پەلاماری  گوندی (کێکەدۆ) ی دا، کە سەر بە شاری مەلایرە. مەلایر لە لەبنەڕەتدا (ماڵ ئاگر Mal agir) ە و، لەسەردەمی دەسەڵاتداریتیی "مادەکان" دا، پەرستگەی ئاینی زەردەشتییەکان بووە. شاری مەلایر و، هەروەها گوندی "کێکەدۆ"، ئەوڕۆکە سەر بە ستانی  (هەمەدان) ن.**

بە فەرمانی خاڵخاڵی، پاسدارانی ئیسلام لەنێو گوندەکە و دەوروبەریدا، بەدەیان رەگەزی نێرینەیان گرت و، قۆڵبەستان کردن و بەرەو گۆڕەپانی گوندەکەدا راماڵیاندان، پاش دۆزینەوەی ژمارەیەکی دیکە لە پیاوان و لاوانی گوند کە لەنیو ماڵاندا خۆیان شاردبووەوە، هەموویان کۆکردنەوە و، دەسرێژیان لێکردن، ئەوجا بۆ دڵنیابوون لە مردنیان، گوللەیەکیشیان نا بە مێشکییانەوە و، بەرەو هەمەدان گەڕانەوە. شایانی باسە، دەیان ساڵ بوو لە گوندی کێکەدۆ گیای خەشخاش دەچیندرا و، لەرۆژاڤای ئێراندا نێوەندی بەرهەمهێنانی تلیاک و هێرۆئین بوو. داهاتی 80%ی دانیشتووانی گوندەکە، بەڕێگەی فرۆشتنی شیرەی تلیاک و، هێرۆئین دابیندەکرا. بەڵام بەشێک لەجۆتکارەکانی ئەم گوندە، ئەگەرچی لە داهاتی زۆری بەرهەمهێنانی هێرۆئین ئاگاداربوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەنەبوون لەو رێگەوە ماڵ و منداڵیان بژێنن، بەڵام ئایەتۆڵڵا خاڵخاڵی بێ هیچ لێکۆڵینەوەیەک، فەرمانی رەشبگیریی دەرکرد و، هەر پیاو و لاوێک بەر لەپیان کەوت، گرتیان و،

بەدەسرێژی گوللە لەنێویان بردن. دوابەدوای ئەم کوشتارە، لەو پارێزگانەی کە پێشتر، لەزەمانی حکوومەتی حەمەڕەزاشا، لەسەر بڕیاری وەزارەتی تەندروستیی، ڕێگە درابوو بە جۆتکارەکان خەشخاش بچێنن، لەلایەن ڕژێمی ئیسلامییەوە ئاگادارکران، نابێ لەوە بەدواوە خەشخاش بچێنن و، هەر کەسێک سەرپێچی بکات، لەسێدارە دەدرێت. ئەوجا لەهەموو شار و شارۆچکەکانی ئێراندا دەستکرا بە گرتنی تلیاکفرۆش و تلیاککێش و، هەرکەسێک چەند گرەمێک "مواد مخدر"ی پێبوایە، دەستبەجێ لەلایەن تیمەکانی پۆلیس و پاسدارانی ئیسلامییەوە دەگیرا و، بەرەوڕووی زیندان و، لەسێدارەدان دەبووەوە.

بەوچەشنە، کاربەدەستانی ڕژێم، بەنواندنی زۆروزەنگ و، بەڕێگەی کوشتن و بڕین و، هەڕەشە و تۆقاندنی جۆتکارەکان، توانییان پێش لە چاندنی خەشخاش و، بەرهەمهێنانی تلیاک لەنیوخۆی ئێران بگرن. لەوەوە نرخی تلیاک بەدەیان جار گرانتر بوو. ئەو هەزاران کەسەش کە **گیرۆدەی تلیاک بوون، دەستیان نەدەکەوت، یان دەرەقەتی کڕینی نەدەهاتن. ئەم دۆخە نوێیە، قاچاخچی و باندەکانی (مواد مخدر) ی هاندا، بۆ درێژەدان بە بازرگانی و پیشەی دەیان ساڵەیان، روو لە سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ئێران بکەن و، پێوەندیی بگرن بە باندەکانی نێو ئەفغانستان و، پاکستان و، بەلووچستانی پاکستانەوە و، هێرۆئین و مادەی بێهۆشمەنیی دیکە بگەیەننە دەستی کڕیارەکانیان لەنێوخۆی ئێران.**

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هێرۆئین لەشارەکانی ئێران بەڕێگەی قاچاخچییەکانەوە، بەشێکی زۆر لەو خەڵکەی کە پێشتر عارەقخۆر بوون، یان تلیاکیان دەکێشا، روویانکردە کێشانی هێرۆئین، چۆنکە لەلایەک نەشەیی و کەیفخۆشی و کارکردی هێرۆئین، گەلێک لە تلیاک و شیلەی تلیاک پترە، هەروەها کێشانی هێرۆئین، وەک

تلیاک پێویستی بە رازاندنەوەی سفرە و ئاگروکەرەستەی پێویست نییە و، لەهەموو شوێن و کەلوقوژبنێک دەکێشرێت. هەروەها پاش گرانبوونی نرخی تلیاک، بە نرخێکی هەرزانتر هێرۆئین دەگەیشتە دەستی خەڵکەوە. ئەوە بوو، کاربەدەستانی ئێران، کاتێکیان زانی پرۆژەکەیان بۆ لەنێوبردنی دیاردەی مواد مخدر، نەتەنێ سەرینەگرتووە، بەڵکو لەماوەیەکی کەمدا بەدەیان هەزار کەوتوونەتە داوی هێرۆئینەوە. لە ساڵی 1360ی هەتاوی (1981ی ز)، دا کۆبوونەوە و، سێ پرسیاریان بۆ باس و، لێدوان دەستنیشان کرد:

1- **بوونی قاچاخچی هۆکارە؟**

2- **هۆکاری سەرەکیی تووشبووی ئەفیۆن (معتاد) ە؟**

3- **چاندن و، بەرهەمهێنانی (مواد مخدر) هۆکارە؟**

سەرەنجام، پاش بیرکردنەوە و شیکردنەوەی هەرسێ خاڵەکە، هاتنە سەر ئەو بیرەوە، هۆکاری سەرەکیی کێشەکە، بوونی قاچاخچییە و، دەبێ تێبکۆشن بۆ بنبڕکردنی قاچاخچییەکانی (مواد مخدر). ئەوجا نەخشەی گرتنی هەموو فرۆشیارانی مادەهۆشبەرەکان دارێژرا و، ژمارەیەکی زۆر قاچاخچی گەورە و بچووک گیران و زیندانی درێژماوەیان بۆ برایەوە، یان لەسێدارەدران. بەڵام ئەم پرۆژەیەش سەرینەگرت و، "موادمخدر" و، ژمارەی "معتاد" لە بەراورد لەگەڵ ساڵ و، مانگەکانی پێشووتردا پتر پەرەی سەند. ئەمجارەیان کاربەدەستان و شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی و، دەزگەکانی پێوەندیدار بە کێشەکەوە، لە بڕیارەکەی پێشوویان پاشگەز بوونەوە و، هاتنە سەر ئەو بیرە کە: **"هۆکاری سەرەکیی کێشەکە، تووشبووەکانن، واتە (معتاد) ە کانن"**. ئەوە بوو فەرماندرا

به نەهێشتنی یەکجاریی "تووشبووان" و، پرۆژەیەکیشیان بۆ ئەم مەبەستە دارشت و سێ قۆناخیان دەستنیشانکرد بۆی، کە بریتی بوون لە:

1- **قۆناخی یەکەم: تێکڕای (معتاد) ەکان نێونووس بکرێن و، لەنێوەندەکانی تایبەت بە وەزارەتی تەندروستیی بەنێوی ئۆردووگا کۆبکرێنەوە و، دەرمان و، خزمەتی پێویست بکرێن تا بتوانن واز لە "مواد مخدر" بهێنن، ئەوجا پاش ئامۆژگاریکردنیان، بەرەزامەندیی خۆیان، ببن بە پاسداری ئیسلامیی، ئەگەریش رازی نەبوون، ئەوا ئازادیان بکەن و، بیانگێڕنەوە نێو کۆمەڵ. بەنووسراوە بەڵێنیشیان لێوەربگیرێت کە جارێکی دیکە بەرەو لای مادەی بێهۆشمەنیی نەچن.**

2- **قۆناخی دووەم: ئەگەر کەسێک سەرلەنوێ لەسەر کێشانی "مواد مخدر" لەلایەن پۆلیسەوە بگیرێتەوە، ئەوا بە (4) مانگ زیندان و، دانی (50) پەنجا هەزار تمەن سزا بدرێ. ئەم پرۆژەیەیان نێو نا (54)، کە مەبەست چوار مانگ زیندانی و، پەنجا هەزار پووڵ بوو**

3- **قۆناخی سێیەم: ماوەی زیندانیکردن و، سزای پووڵەکەی برێک زێدەتر کرا. واتە ئەگەر کەسێک بۆ جاری سێیەم دەگیرایەوە، ئەوا بە 8 مانگ زیندان و، دانی (100) سەت هەزار تمەن سزا دەدرا. ئەم پلانەش بە (108) نێوبانگی دەرکرد.**

به باوەڕی کاربەدەستان، بڕینەوەی سزای پووڵ و زیندانیکردن، بۆ "معتاد"، دەبوو بە هۆی ئەوە کە لەوە بەدواوە هیچ کەسێک زاتی ئەوە نەکات، بەرەولای "مواد مخدر" بچێت. ئەوجا پرۆژەکەیان خستە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ئەم پلانەش شکستی هێنا، چۆنکە زۆربەی ئەو کەسانەی لە نێوەندەکانی تەندروستیدا نەخۆشییەکەیان چارەسەردەکرا، پاش چوونە دەرەوە، دیسان تووشی ئەفیون دەبوونەوە، چۆنکە لە نێو بازاڕ و کۆڵان و ماڵاندا هەموو جۆرەکانی "مواد

مخدر" بەلێشاو دەستدەکەوت. ئەوە بوو دیسان تووشی دەبووەوە. بەشێکی دیکەش بەهۆی دەستکورتی و هەژاری و کەمدەرامەتییەوە ناچاربوون کار بۆ باندەکانی مواد مخدر بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن ژیانی ژن و منداڵیان دابین بکەن.. لەبەر ئەوە، دیسان بە هەزارانیان لێدەگیرایەوە و، زیندانی درێژ ماوەیان بۆ دەبڕدرایەوە. لەمەوە کارەساتی گەورەتر دەستیپێکرد و، چوارچێوەی هەزاران بنەماڵە لەبەریەک هەڵتەکا



و کارەساتێکی گەورەی مرۆڤیی لێکەوتەوە، چۆنکە زۆربەی گیراوەکان پیاو بوون و، دابینکردنی بژێویی چەندین سەر خێزانیان بەئەستۆ بوو. ژن و منداڵی ئەم گیراوانە، بۆ دابینکردنی کرێی خانوو و بژێویی ژیانیان، بەرە بەرە روویانکردە لەشفرۆشی و دزیکردن. بەهەزاران کوڕ و کچ لە ماڵەوە هەڵاتن و، ئاوارەی شاری تاران و شارە گەورەکان بوون. زۆری پێنەچوو، ژمارەیەکی زۆریان، کە لەڕاستیدا قوربانیی سیاسەتی هەڵەی بەربەرەکانێی رژێم بوون لەدژی مواد مخدر، بەنێوی دز و بکوژ و بێڕەوشت و فرۆشیاری مواد مخدر و ... هتد، لەسەر بڕیاری دادگەکان، چەندین ساڵ زیندانیان بۆ بڕایەوە، یان لەپێش چاوی خەڵک لەنێو گۆڕەپانی شارەکاندا لەسێدارەیان دان... ئەم کارەساتە دڵتەزێنە

کۆمەڵایەتییە، هەموو ڕۆژێک بەردەوامە و، مانگ لەگەڵ مانگ ژمارەیەکی دیکە لەنێو زەلکاوی خۆیدا نوقم دەکات.

پلان و پڕۆژەکانی یەک لەدواییەکی بەرپرسانی حکوومەت، هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو، دوا ڕێگە چارەیان لەوەدابینی، پێویستە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی "مواد مخدر" لەنێو ببرێت. بۆ ئەم مەبەستە و، بەنیازی دۆزینەوە و، لەنێوبردنی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنەری (مواد مخدر)، لەساڵی 1983ی ز بەدواوە دەزگەی پاراستن (اطلاعات) یان راسپارد، کۆمەڵێک لە پاسداران ئامادە بکا و، پاش پەروەردەکردن و، ڕێنوێنیکردنیان. بیانێرن بۆ شناساییکردنی هەموو ئەو ڕێگەوبان و جادە نهێنییانەی کە قاچاخچییەکان بەکاریان دێنن. و، شناسایی باندەکانی مافیای هێرۆئین لەنێوخۆ و، لەدەرەوەی ولاتدا بکەن.

**دەزگەی پاراستنی رژێم،** پاش ئەم بڕیارەی حکوومەتی ئیسلامیی، دوو یەکەی تایبەتی بەنێوی **(عملیات برون مرزی)** و **(عملیات درون مرزی)** پێکهێنا. ئەندامانی کۆمیتەی (دەرەوەی سنوور) توانییان دزە بکەنە نێو باندەکانی ئەفیۆن لە ئەفغانستان و پاکستان و بەلوچستانی پاکستان و ئێران و، گەلێک جاریش توانییان، شوێن و کات و ڕۆژی کاروانی هێنانی مادەهۆشبەرەکان لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران، بۆ فەرماندەکانی هێزەکانی سنوور ئاشکرا بکەن و، بیانخەنە داو و بەسەدان قاچاخچی بکوژن و، بە هەزارانیشیان لێبگرن. هەموو ڕۆژێکیش لە میدیاکانی رژێم، دەنگوباسی پیکدادانەکانی نێوان هێزەکانی ئیران و، کاروانی چەکدارەکانی مافیای مواد مخدر بڵاودەکرانەوە، و، هەروەها بە سەتان کەس لە هێزەکانی ئێرانیش لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی لەگەڵ چەکدارەکانی مافیای هێرۆئیندا لەنێوچوون. بەڵام سەرەرای هەموو ئەم

هەولانەی داوودەزگەکانی رژێم و، بەختکردنی بووجەیەکی زۆر، خەڵکی ئێران سەریان سوورمابوو، هۆی چییە "مواد مخدر" و، هۆگرانی لەنێو کۆمەڵدا بەردەوام پەرەدەستێنێت؟؟!!.

**پاش بە ئەنجامنەگەیشتنی تێکرای پرۆژەکانی رژێم، لەساڵەکانی کۆتایی جەنگی (8) ساڵەی عێراق – ئێران و، لەنێوان ساڵەکانی 1989- 1987 دا، کاربەدەستانی رژێم، بڕیارێکی سامناکیان لەدژی تووشبووانی مادەهۆشبەرەکان دەرکرد. ئەویش ئەوە بوو** هەزاران تلیاککێش و هێرۆئینکێشی نێو شەقام و کۆلانی شارەکان کۆکرانەوە و، لەچەندین کاروانی جیاجیا و لەماوەی نێوان سێ ساڵدا، راگوێزران بۆ چەندین دورگەی چۆڵ و دوور لە حەشیمەت کە لە پارێزگەی "بندرعباس" و لەنێو زەلکاو و قامیشەلانەکانی لێواری کەنداودا هەڵکەوتوون. لەنێو ئەم دورگانەدا، حەشیمەت و، گیانلەبەری لێناژی، لەبەر ئەوە



هیچ جۆره خانوو و شوێنه‌واری ئاوه‌دانیی تێدا نییه. به‌درێژایی ساڵ، حه‌وت – هه‌شت مانگی ره‌به‌ق گه‌رمای تاقه‌تپڕووکێنی سه‌رووی 45 و 50 پله‌ی هه‌یه و، شه‌وانی زستانیشی زۆر سارد ده‌بێت. پاسدارانی ئێران، له‌پێشدا پۆل پۆل گیراوانی تووشبووی مواد مخدریان له‌شاره‌کانی ئێران کۆده‌کرده‌وه و، ده‌یانبردن بۆ شاری "بندر عباس" له‌ خوارووی ئێران. له‌پێشدا، به‌نێو شاردا ده‌یانگێڕان و، داوایان له‌ خه‌ڵک ده‌کرد، جنێویان پێبده‌ن و، به‌ردیان تێبگرن و، تێیانهه‌ڵده‌ن. ئه‌وجا له‌و شاره‌وه سواری ئۆتۆمۆبێلیان ده‌کردن و، ده‌یانبردن بۆ لێواری که‌نداو. له‌وێوه به‌سوارییی پاپۆڕی بچووک، که له‌ نێوچه‌که‌دا پێیده‌ڵێن (لێنج)، به‌نێو دورگه‌کاندا دابه‌شیانده‌کردن. **پاسه‌وانه‌کانیان پاسداری ئیسلامیی بوون، به‌ "لێنج"، به‌نێو دورگه‌کاندا هاتوچۆیان ده‌کرد و، خواردنیان ده‌برد بۆ "معتاده‌کان". خواردن و خواردنه‌وه‌یان ، بریتیبوو له‌ رۆژی سێ لیوان (په‌رداخ) ئاوی خواردن و، لیوانێک نۆکی کوڵاو، یان شله‌ و شۆرباو. شایانی باسه، به‌سه‌دان مرۆڤی تێکۆشه‌ر و، ئازادیخواز و چالاکانی سه‌ر به‌ حیزبه سیاسییه‌کان، پاش ده‌ستگیرکردنیان، تێکه‌ڵ به‌م کاروانانه کران و، به‌نیازی بێسه‌روشوێنکردنیان بۆ نێو (دورگه‌کانی مه‌رگ) دوورخرانه‌وه. هه‌وای ناسازگار و، ته‌پوتۆز و گه‌لێک جاریش تۆفان و ره‌شه‌بای لم و چه‌و، هه‌روه‌ها بارانی به‌خۆڕ و برسێتی و نه‌خۆشی و، گه‌رمای 50 پله‌ی هاوین، به‌هه‌زارانی لێکوشتن. له‌نێویاندا ئه‌وانه‌یان که مێردمنداڵ بوون، له‌لایه‌ن گه‌وره‌کان، یان پاسه‌وانه‌کانیانه‌وه، ده‌ستدرێژیی ده‌کرایه سه‌ریان. پڕۆژه‌ی به‌نێو (جزیره) له‌کاره‌ساتی گولله‌بارانکردنی به‌کۆمه‌ڵی هه‌زاران گیراوی سیاسیی به‌ندیخانه‌کانی (ئه‌وین) و، شاره‌کانی دیکه، که له‌ جۆزه‌ردانی ساڵی 1367 (1988ی ز)**

**بەفەرمانی راستەوخۆی ئایەتوڵلا خومەینیی، لە چەند رۆژێکدا لەنێوچوون، هیچ کەمتر نییە.**

لەنێو ئەو هەزاران کەسەی بۆ دورگەکانی لێواری کەنداو راگوێزران، ژمارەیەکی کەمیان گەڕانەوە. ئەو ژمارە کەمەش کە بەوەرگرتنی پوولێکی زۆر لە بنەماڵەکانیان بەر لێبوردن کەوتن، ئاگادارکران، بەمەرجێ بەریان دەدەن، کە چارەنووسی خۆیان و هەزارانی دیکە لە دورگەکان لەلای کەس نەدرکێنن، هەر کەسێکیش سەرپێچی بکات، ئەوا لەنێو دەبرێت، هەر لەبەر ئەوەشە تاکو ئێستا ئەو کارەساتە کەموێنەیە ئاشکرا نەکراوە و نەنووسراوە و، لە راگەیاندنەکاندا بڵاونەکراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا چەند کەسێکیان، لەلای کەسوکار و دۆستانی نێزیک و باوەڕپێکراوی خۆیان بەسەرهاتەکانیان گێڕاوەتەوە. بێگومان لەداهاتوویەکی نێزیکدا نهێنییەکانی لەنێوچوونی هەزاران لاوی ئیرانیی، لەژێر نێوی بەربەرەکانێی "مواد مخدر" لەلایەن رژێمەوە ئاشکرا دەکرێن و، لاپەڕەیەکی رەش و سامناکی دیکە لە کارنامەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئیران هەڵدەدرێتەوە.

**هەروەک لەپێشدا ئاماژەمان کردپێی، فەرماندەکانی سوپای پاسداران، یەکەیەکی تایبەتیان لە "سوپای قودس" دەستنیشانکرد، بۆ ئەوەی دزە بکاتە نێو باندەکانی گەورەی هێرۆئین لە ئەفغانستان و پاکستان و بەلوچستاندا. شایانی باسە، "سوپای قودس"، باڵی دەرەوەی سوپای پاسدارانی ئیسلامیی ئێرانە کە لەساڵی 1980، بەفەرمانی ئایەتوڵلا خومەینیی دامەزرا (2*). ئەو یەکە تایبەتییەی سوپای قودس، لەماوەیەکی کەمدا توانیبوویان خۆیان تێکەڵ بە مافیای ئەفیۆن لە ئەفغانستان بکەن و، گەلێک جاریش کاتی هاتوچۆی کاروانەکانی مادەسڕکەرەکان**

**بۆ هێزەکانی ئێران لەسنوورەکان ئاشکرابکەن و، زەربەی کاریگەیان لێبوەشێنن. بەلام پاش کۆتایی جەنگی عێراق – ئێران و مردنی ئایەتۆللا خومەینیی، رۆلی یەکەی تایبەتی سوپای قودس، بەرە بەرە گۆڕا و، لەسالی 1990 بەملاوە، راستەخۆ دەستی تێکەل بە بازرگانیکردنی هاوردە و هەناردەی هێرۆئین و تلیاک کرد.**

لەڕاستیدا، هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتیی ئەم گۆڕانە هزرییە لە روانگەی **ئایەتۆللا خامنەیی (وەلی فەقیە)**، و کاربەدەستانی گەورەی رژێم، سەبارەت بە مادە هۆشکەرەکان، پاش ئەوە سەریهەلدا، کە بەرێگەی فەرماندەکانی سوپاوە ئاگاداری داهاتی سەرسوورهێنەری ئەم مادەیە بوون.

**بۆ ئاگاداربوونی خوێنەرەوە، ئەورۆکە لە هەموو جیهان "مواد مخدر" بە یەکێک لە سەرچاوەکانی ئابووریی دادەنرێت و، لە سالێکدا (1600 ملیارد دۆلار) واتە یەک تریلیۆن و، شەشسەت ملیارد دۆلار داهاتی ئەم مادە زیانبارەیە. قاچاخچییەکانی "مواد مخدر" لە جیهان، لەسالدا پتر لە (500) پێنجسەت ملیارد دۆلاریان دەستدەکەوێ.**

**رازیبوونی ئایەتۆللا خامنەیی، بۆ دەستێکەلکردنی سوپای پاسدارانی ئیسلامیی بە بازرگانیکردنی مواد مخدر، ئەم دوو ئامانجەی خوارەوەی لە پشت بوو:**

1- لەوە بەدواوە دەیانتوانی لەسوود و داهاتی مادەبێهۆشکەرەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی "سوپای قودس" کەلکوەربگرن، کە پێداویستی ئابووریی ئەم نێوەندە لەسالدا چەندین ملیارد دۆلارە. بۆ ئاگاداریی خوێنەر، پێوەندیگرتن لەگەل رێکخراوەکانی ئیسلامیی لەسەرتاسەری جیهان – کە زۆربەیان نێویان لە لیستی **"تیرۆریست"** ی ولاتانی رۆژاڤاییدایە، و، گەیاندنی یارمەتی دارایی و چەکوچۆل پێیان و، پەروەردەکردنیان و ناردنی تیمەکانی تێرۆر

بۆ لەنێوبردنی کەسایەتی و نەیارانی سیاسیی رژێم لەدەرەوە، هەروەها سازکردنی تۆڕەکانی سیخوڕیی بەرێگەی بەشێک لە کادرەکانیان کە نێوی دیپلۆماتیان لەسەرە و، لە باڵوێژخانەکانی ئێران بەنێوی **"مشاور" (راوێژکار)** لە پێتەختەکانی وڵاتانی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. هەرهەمووی لەئەستۆی **"سوپای قودس"** دایە. سوودی دیکەی ئەم پڕۆژەیە ئەوە بوو، وەگەڕخستنی پڕۆژەی سوودوەرگرتن لە فرۆشتنی "مواد مخدر"، قورسایی لەسەر پشتبەستن بە فرۆشتنی نەوت کەمدەکردەوە، کە بە تاکە سەرچاوەی ئابووریی ئێران دەژمێردرێت.

2- لەڕوانگەی خامنەی و کاربەدەستانەوە، بڵاوکردنەوەی مواد مخدر لەنێو وڵاتانی رۆژاڤا و ناموسڵماندا و، سازکردنی کێشەی کۆمەڵایەتیی بۆیان، نەتەنیا تاوان نەبوو، بەڵکو لەخزمەتی ئیسلامدا بوو.

رێنوێنی و پێشنیازی ئایەتوڵڵا خامنەیی بۆ فەرماندەکانی سوپای پاسداران ئەوە بوو، کە ئەم پڕۆژەیە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بێ و، کاربەدەستان و هێزەکانی پێوەندیداری پڕۆژەکە، پێویستە لەنێوخۆی وڵات وەک رابوردوو چالاکییەکانیان لەدژی مواد مخدر و، قاچاخچییەکان درێژەپێبدەن، بەڵام وەک دواتریش ئاشکرابوو، ئەو بڕیارە، هەر قسەی رووت بوو، چۆنکە پاش ئەوەی رژێم راستەوخۆ دەستی خستە نێو بازرگانیکردنی مخدراتەوە، ئیدی نەیدەتوانی لە بازاڕی پڕداهاتی نێوخۆی ئێران چاوی خۆی بنووقێنێت، کە بەپێی راپۆرتی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، **"ئێران یەکەمین وڵاتە لە جیهاندا کە زۆرترین مادەی بێهۆشمەنیی تێدا دەکێشرێت"**. بڵاوکردنەوەی مادەهۆشبەرەکان لەنێوخۆی ئێران، بەنەخشەی رژێم خۆیەوە، دوای تەواوبوونی جەنگی عێراق – ئێران

گرنگیی پەیداکرد، چۆنکە، لەلایەک وادە وبەڵێنەکانی ئایەتۆللا خومەینیی کە سەبارەت بە ئاکامەکانی جەنگ دابووی بەخەڵک، نەهاتبوونەدی، لەلایەکی دیکەوە، مەسرەفی زۆروزەوەندی شەڕ و ماڵوێرانیی بێئەژمار، ئابووریی ئێرانی لاوازکردبوو. لەوەش گرنگتر، تەوابوونی شەڕ، هاوکات دەبوو لەگەڵ پەرەسەندنی داخوازییەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووریی خەڵک. لەبەر ئەم هۆیانە، کاربەدەستانی رژێم، هاتنە سەر ئەو بیرەوە کە دەتوانن لە مخدرات، وەک چەکێکی کاریگەر لەدژی نارەزایەتیی لاوان و سەرهەڵدانی جەماوەریی سوود وەربگرن. **پێرەوکردنی ئەم سیاسەتە، بەتایبەتیی لەرۆژهەلاتی کوردستان، لەلایەن دەزگەی ئاسایش (اطلاعات)، نەخشەی بۆ دارێژرا (دواتر دێینە سەر ئەم بابەتەش).**

**ئەو یەکەی سوپای پاسداران کە نێوی "یەکەی دەرەوەی سنوور" ی لەسەر نرا، لەماوەیەکی کەمدا توانی لەرێگەی سەرۆک هۆزەکانی ئەفغانی سەر بەئاینزای شیعە و ژمارەیەک لە ئەفغانەکانی دانیشتووی ئێرانەوە، دەستبخاتە کاروباری چاندنی خەشخاش لەو گێڵگە و زەوییانەی ئەفغانستانەوە کە لەسەر سنوور هەڵکەوتوون، هاوکات تۆڕی سیخوڕی و چەکوچۆڵ لەنێو هۆز و دانیشتوانی گوندەکاندا بڵاوبکاتەوە و، جێپێیەک بۆ کاری تێکدەرانەی رژێمی ئیران لەو نێوچانە و لە ئەفغانستان بەگشتیی دروستبکات. پاش جێبەجێکردنی سەرکەوتوانەی پرۆژەکە، سوپای پاسدارانی ئێران، راستەوخۆ و نائاشکرا بوو بە شەریک و باڵی گرنگی چاندنی خەشخاش و هەناردەی مادەبێهۆشکەرەکان لە ئەفغانستانەوە بۆ دەرەوە. سێ شارێی گەورە دەستنیشانکران کە تاکو ئێستاش**

بێپسانەوە و بەردەوام لەو سێ ڕێگەوە مادەبێهۆشکەرەکان بە وڵاتانی نێوچەکە و بە جیهاندا بڵاودەکرێتەوە. ئەم سێ شاڕێیەش بریتین لە:

**1- لە ئەفغانستانەوە، مواد مخدر، دەهێنرێتە ستانی خوراسان و، بە ترێلی و ئۆتۆمۆبیلی بارهەڵگر و، شەمەندەفەر، دەگوێزرێتەوە بۆ تورکیا و، لەوێوە بەرەو ئۆروپا بەرێدەکرێ. چۆنێتیی ئاودیکردنی لە سنووری نێوان ئێران – تورکیا، بەو چەشنەیە، بەپێی ڕێککەوتنی پێشوەخت لەنێوان فەرماندەکانی پاسگەی هەردوولا لە سەر سنوور، حەفتەی جارێک، دوو سەعات لە ڕۆژ، یان لە شەودا دەستنیشاندەکەن. کاتێک ترێلەکانی بارهەڵگر کە تلیاک و هێرۆئینیان تێدا شاردراوەتەوە، دەگەنە شوێنی پەڕینەوە، فەرماندەکانی هەردوو دیوی سنوور، پاسەوانی پاسگەکان ئاگادار دەکەن، لەو کات و سەعاتە تایبەتییانەدا، هیچ ترێلییەک نەپشکنن. پاش ئەوەی ترێلییەکان یەک بەدواییەکدا پەڕینەوە بۆ نێو خاکی تورکیا و، کاتی دیاریکراو تێپەڕبوو، ئەوجا، فەرماندەکان بەتەلەفۆن پاسەوانەکان ئاگادار دەکەنەوە، سەر لەنوێ کۆنترۆڵ و پشکنینی تەواو ئەنجامبدەن!**

**2- مادەی بێهۆشمەنیی بە ئۆتۆمۆبیل لە سیستان و بەلوچستانەوە، خوارووی سنوورەکانی ئێران لە زەریای عوممان و، لەوێوە، بە پاپۆڕی گەورەی بازرگانیی – کە تایبەت بە سوپای پاسدارانن، بەرەو وڵاتانی کەنداو و، هەروەها بە سەرتاسەری جیهاندا بڵاودەکرێتەوە.**

**3- مادەی بێهۆشمەنیی لە ئەفغانستانەوە دەهێنرێتە خوراسان و، دەکرێت بە دوو کەرتەوە. کەرتێکی بەرەو باکووری ئێران و وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست دەبرێ و، لەوێوە دەگەیەندرێتە بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆروپا. (باندەکانی قاچاخی هێرۆئین و تلیاک لە ئەفغانستان بۆ خۆشیان زیاتر ئەم ڕێگەیە بەکار دەبەن!). کەرتەکەی دیکەش هەر لە ستانی خوراسانەوە، بەنێو هەموو شارەکانی ئێراندا بڵاودەکرێتەوە.**

**شایانی باسە، لەنێو دڵی مافیای دەوڵەتیدا، دەیان مافیای بچووک و لق و پۆپی لێ بووەتەوە و، هەریەکەیان سەری بەکلکی فەرماندە و دەسەڵاتدارێکەوە گرێدراوە و، بازاڕی نێوخۆی ئێران دابین دەکەن. خەڵکێکی دیکەش هەن کە سەربەخۆ وبەنهێنیی کاردەکەن و لەدەرەوەی بازنەی سوپای پاسدارانداتن. ئەم بەشە، لە باشووری رۆژهەڵاتی ئێران، واتە لە بەلوچستانی پاکستانەوە، هێرۆئین و تلیاک دەیگەیەننە سیستان و بەلوچستانی ئێران. ئەوجا بەهاوکاریی لەگەڵ بەشێک لە ژاندار و سەربازەکان، بەرێی چەپەک و دزەرێ و بە ئۆتۆمۆبیل، بە شارەکانی ئێراندا بڵاویدەکەنەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە رژێم، زۆرترین خاڵی پشکنینی ئۆتۆمۆبیل و، گەڕان بەدوای "مخدرات" ی لە بەشی پارێزگەی سیستان و بەلوچستان داناوە. گەلێک جار گوێبیستی شەڕولێکدانی چەکدارانە لەنێوان هێزەکانی ئێران و چەکدارەکانی مافیای هێرۆئین لە بەلوچستان دەبین و، کاربەدەستانی ئێران، ئەو شەڕ و لێکدانانە، وەک نموونە و بەڵگەیەک بۆ دژایەتیکردنیان لەگەڵ دیاردەی بێهۆشمەنیی لە میدیاکانیانەوە بڵاودەکەنەوە. هەموو جارێکیش کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی پێوەندیدار لە ئەنجامی چالاکییەکانیان ئاگادار دەکەنەوە. بەڵام کەسێک نییە لێیان بپرسێت، ئەی هۆی چییە، ئەو هەزاران کیلۆ ئەفیونەی کە لەمانگدا بەرەو تورکیا دەبرێت، بۆچی بۆ جارێکیش نەگیراون و، ناگیرێن و، لە میدیای رژێمەوە باسیان لێوە ناکرێت؟!**

کاربەدەستانی وڵاتانی کەنداو، بەتەواوەتیی لەم بازرگانییەی کاربەدەستانی ئێران ئاگادارن و، تاکو ئێستا چەندین کۆبوونەوەیان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران سەبارەت بە پێشگرتن لە مواد مخدر بۆ وڵاتەکانیان ئەنجامداوە، هەروەک **سەرداری پاسدار ئیسماعیل ئەحمەدی موقەدەم فەرماندەی "نیروی انتضامی" (هێزی پارێزگاریی) کۆماری ئیسلامیی ئیران** و، راوێژکاری سەرکۆمار و سەرۆکی گشتیی نێوەندی خەبات لەدژی مادە هۆشکەرەکان، رۆژی 10/1/2008

چوو بۆ **"مەسقەت"** **(پێتەختی وڵاتی عوممان)** و، لەگەڵ **"عەلی بن ماجد ئەلمەعمەری"**، **فەرماندەی سوپا و وەزیری نووسینگەی سوڵتان قابوس** دیداری کرد.

**پاسدار ئیسماعیل ئەحمەدی** لەو دیدارەیدا رایگەیاند، **"هێزەکانیان تاکو ئێستا (70) تەن (هەفتا هەزار کیلۆ) تلیاک و هێرۆئینیان لە کەنداودا گرتووە و، (30) هەزار کیلۆی لەرێگەی هێنان بۆ عوممان، لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە گیراوە. دوژمنانی ئێران، دەیانەوێ وڵاتی ئێران وەکو مەترسییەک بۆ سەر وڵاتانی کەنداو پێشانبدەن، بەڵام ئێمە لە هەوڵی بەردەوامداین، پێوەندیی نێوان ئێران و وڵاتانی کەنداو پتەوتر و بەربڵاوتر بکەین و، ئێران بەهەموو توانایەوە تێدەکۆشێت بۆ دابینکردنی ئاسایشی وڵاتانی کەنداو!"**.

بێگومان قسەکانی ئەم فەرمانەدەیە، درۆ و چەواشەکارییەکی ئاشکرایە، چۆنکە سنوورەکانی خوارووی ئێران لە کەنداو و زەریای عوممان، بەتەواوەتیی لەژێر کۆنترۆڵی هێزی زەریایی سوپای ئێراندایە و، جگە لە پاپۆڕەکانی بازرگانیی، هەروەها پاپۆڕەکانی تایبەت بە گواستنەوەی گەرۆک و بازرگان و کەلوپەلی بازرگانیی، لەکۆنترۆڵی حکوومەت و بەشی زەریایی هێزەکانی سوپای پاسداراندایە. رێ بە خەڵکی ئاسایی و ماسیگر وچ کەسێک نادەن تاکو بە گەمیی خۆیانەوە سنوورەکانی ئێران لە زەریاوە ببەزێنن و، بەرەو وڵاتانی کەنداو بچن. بەتایبەتیی لەبارودۆخی ئاڵۆزی ئیستا کە چەند ساڵێکە بەسەر کەنداودا زاڵە و، هەرکات و ساتێک ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان هێزەکانی زەریایی ئەمریکا و ئێران لە ئارادایە، هێزی زەریایی ئێران، چاودێرییەکی تەواوی هەیە بەسەر لێوارەکانی کەنداو و زەریای عوممان دا کە دەکەونە سنوورەکانی

خۆیەوە. لەبەر ئەوە، جگە لە مافیای سەر بەرژێم، هیچکەس و لایەنێکی دیکە ناتوانێ لەمانگدا هەزاران تەن تلیاک و هێرۆئین بە وڵاتانی کەنداودا بڵاوبکاتەوە.

هەر لەپێوەند لەگەڵ ئەم بابەتەی لەسەرەوە ئاماژەم کردپێی، **وەزیری نێوخۆی ئێران کەنێوی (مستەفا پوورمحەمەدی)** یە، رۆژی 17ی مانگی نەورۆزی ساڵی 2007 لەوتوویژی لەگەڵ دەزگەی هەواڵنیریی **"ئیسنا"** ئەو راستییەی درکاند و، گوتی: **"بەداخەوە، بەشێک لە فەرمانبەرەکان و، هێزەکانی ئاسایش و ئۆرگانەکانی حکوومەت، لە بازرگانیی مواد مخدر بەرێژەیەکی زۆر دەستیان هەیە"**.

**"ئیسنا" (دەزگەی هەواڵنیری خوێندکارانی ئیران)**، هەروەها لەمانگی بەفرانباری ساڵی 1383 ی هەتاوی (2004ی زاینیی) لەزمانی جێگری سەرکۆمار و سەرۆکی خەبات لەدژی مواد مخدر، بەنێوی **عەلی هاشمی**، بڵاویکردەوە: **"لە ئێراندا یانزە ملیۆن کەس هەموو جۆرەکانی مواد مخدر دەکێشن. لە 65%ی تووشبووەکان پیاوی خاوەن خێزانن و، هەریەکەیان لە منداڵێکەوە تا پێنج منداڵیان هەیە". لە 60%ی زیندانییەکانی وڵات، بەهۆی ئەفیونەوە گیراون. سەت و نەوەد ملیۆن معتاد لەجیهاندا هەن، کە 11 ملیۆنیان ئێرانین"**.

رۆژنامەی **"مردم سالاری"** لەراپۆرتێکیدا کە ساڵی 2004 ی زاینیی، لەزمانی **مەجید زەندییە جێگری رێکخراوی پەروەردە و راهێنانی شاری تاران** بڵاویکردەوە، دەڵێ: **"تەمەنی قوتابیانی گیرۆدەی مواد مخدر لەنێوان 13 و 18 ساڵدایە. لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکانمان، زانیومانە دایک و باوکی (8300) قوتابی لە تارانی پێتەخت، گیرۆدەی مواد مخدرن، کە ئەوە دەتوانێ مەترسییەکی گەورەبێت بۆ سەر قوتابی و قوتابخانەکان. ژمارەی قوتابییەکانی تووشبووی مخدرات لەسەرتاسەری وڵاتدا بە سێ ملیۆن**

**مەزەندەدەکرێ. لە 22%ی خوێندکارانی وڵات، بەهۆی بارودۆخی تایبەتی بنەماڵەکانیانەوە، مەترسیی تووشبوونیان بە ئەفیونەوە لێدەکرێت.."**

هەروەک دەزانرێت، لەسایی یاسا و ئایدۆلۆژی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیدا، ژنان لەهەموو مافێکی رەگەزی و کۆمەڵایەتیی بێبەشکراون و، لەژێر ستەم و چەوساندنەوەی بەردەوامدان، لەگەڵ ئەوەشدا، هەر لەکۆنەوە، چینی ژن، بەپێچەوانەی رەگەزی پیاوەوە، بەردەوام خۆی لە کێشانی هەموو مادەیەکی بێهۆشمەنییەوە دوور راگرتووە، چۆنکە بەپێی کولتووری کۆمەڵگەکە، هەر لەکۆنەوە جگەرەکێشان و تلیاککێشان، بەکارێکی تایبەت بۆ پیاو زانراوە، لەبەر ئەوە ژنان خۆیان لەقەرەی ئەم مادەیە نەداوە. بەڵام لەماوەی بیست ساڵی رابوردوو بەملاوە رێژەی تووشبوانی "مواد مخدر" لەنێو چینی ژنانیشدا پەرەی سەندووە و، بەپێی راگەیەندراوی بەڕێوەبەرانی حکوومەت، ژمارەی ژنانی **"معتاد"** بە دووسەد هەزارکەس مەزەندە دەکەن. بێگومان ئەمە راست نییە و، ژمارەی ئەو ژنانەی کە بەهۆی جۆراوجۆرەوە کەوتوونەتە داوی ئەفیۆنەوە، زۆر لەو رێژەیە زیاترێکە.



**تووشبوونی ژنان بە مادە هۆشبەرەکانەوە،** دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک. بەشێکیان بەهۆی

مێردەکانیانەوە تووش دەبن، چۆنکە پاش ئەوەی پیاوی ماڵ، بەتەواوەتیی دەبێتە گیرۆدەی مواد مخدر، ئیدی مووچە و داهاتی بڕی ئەوە ناکات بەشە تلیاک و هێرۆئینی رۆژانەی لێ دابین بکا و، ژیانی خێزانەکەشی  بۆ ناچێت بەڕێوە، لەبەر ئەوە ژنەکەی دەخاتە ژێر گوشارەوە تاکو لەشفرۆشیی بکات. لەو رێگەیەوە، ژنەکەش تووشی ئەفیۆنکێشان دەبێت و، منداڵەکانییشیان، بەرەوڕووی هەموو جۆرە کێشە و کارەساتێک دەبنەوە. بەشێکی دیکەیان، بەهۆی ئاڵۆزیی چوارچێوەی بنەماڵەکانیانەوە بڕیاردەدەن هەڵێن.، بەڵام پاش ئەوەی دەگەنە شارە گەورەکان، لەلایەن مافیاکانەوە، ناچار بە لەشفرۆشی دەبن و، تووشی مواد مخدریان دەکەن.

**لەم پێوەندەدا، دۆکتۆر مستەفا ئقلیما، سەرۆکی ئەنجومەنی هاریکاری و مامۆستای زانستگە لەتاران، لەوتووێژی لەگەڵ هەواڵنیری گۆڤاری "ئێران ئێکۆنۆمیست" دا دەڵێ:**

**"بەداخەوە، کێشەکانی نیوکۆمەڵ، هەروەها کێشەی خێزانیی، هۆکارن بۆ هەڵاتنی لاوان - بەتایبەتی بۆ هەڵاتنی کچان لەماڵەوە. ماوەی چەند ساڵێکە ئەم دیاردەیە زۆر پەرەی گرتووە. زۆربەی ئەو کچانەی لە ماڵەوە هەڵدێن، هەر لە یەکەم کات وساتەکاندا دەستدرێژیی دەکرێتەسەریان. هۆکارەکانی هەڵاتنی کچان بریتین لە، بوونی ئاژاوەی بەردەوام لەنێو بنەماڵەکانیاندا، خراپبوونی باری ئابووریی بنەماڵە، بەکارهێنانی تەندوتیژی ولێدان و، بێڕیزیکردن پێیان، پچرانی پەیمانی هاوسەرێتیی (تەلاق). بەڵام هۆکاری سەرەکیی هەڵاتنی کچان، بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کەلەلایەن نێوەندەکەمانەوە ئەنجامدراوە، دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی "مواد مخدر". لە 35%ی ئەو کچانەی لەماڵەوە هەڵدێن، یەکێک لەجۆرەکانی "مواد مخدر" دەکێشن. 28% تلیاک، 25% هێرۆئین، 15% حەشیش و، لە 31% کیشیان سیگار دەکێشن. لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردووە کە ئەم کچانە پاش ئەوەی لە ماڵەکانیانەوە**

هەڵدێن، بۆ دابینکردنی بژێوییان، روو دەکەنە دزیکردن و، لەشفرۆشیی، ئەوجا لە ماوەیەکی کورتدا دەکەونە داوی باندەکانی بازرگانیکردن بە کچان و ژنانەوە".

بەپێی راپۆرتی نێوەندی لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ساڵی 2005ی زاینی بڵاوکراوەتەوە، ئێران یەکەمین وڵاتە لە جیهان کە زۆرترین مادەی تلیاکی تێدا دەکێشرێت. لە 73% ی هەموو تلیاکی جیهان، لە ئێران دەدۆزرێتەوە." راپۆرتەکە هەروەها دەڵێ، "هێزەکانی ئاسایشی ئێران رایانگەیاندووە لەو ساڵەدا 174 تەن تلیاک و هێرۆئینیان لە قاچاخچییەکان گرتووە".

رۆبێرتۆ ئاربێرتۆ، نوێنەری نووسینگەی بەربەرەکانێی مواد مخدر و تاوانەکانی سەر بە کۆمەڵی نەتەوە یەککگرتوەکان، دەڵێ:

"بارودۆخی کێشەی مواد مخدر لە ئێران زۆر خراپتر بووە! لەبەر ئەوە داوا لە ئێران کراوە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنێکی وردتر لەم بارەیەوە ئەنجامبدات. ترانزیتی مواد مخدر لە ئەفغانستان و ئێران و پاکستان و ترکیاوە دەگەیەندرێتە ئۆروپا و باکووری ئەمریکا. هەروەها رێیەکی دیکەش هەیە کە ئەورۆکە وەک شارێی گەیاندنی مواد مخدر بۆ ئۆروپا بەکاردەهێنرێ، کە ئەویش رێی وڵاتانی "باڵکان" و وڵاتانی ئاسیای نێوەراستە".




کاربەدەستانی ئێران، هەمووکاتێک رێژەی تەواوی تووشبووەکانی مادە هۆشبەرەکان دەشارنەوە و،

ژمارەیان  بە (2) تا (2/5) ملیۆن بەراورد دەکەن. لەم پێوەندەدا، **دەزگەی هەواڵنێریی وڵاتی چین (شینهووا)**، لەمانگی بەفرانباری ساڵی 2004 دا، لەزمانی **حەمید سارمی** کە یەکێکە لە کاربەدەستانی نێوەندی خەبات لە دژی مادەهۆشبەرەکان، بڵاویکردەوە، **لە ئێران پتر لە دە ملیۆن "معتاد" ن.**

هەروەها **ئیسماعیل ئەحمەدی، (سەرۆکی نێوەندی خەبات لەدژی مادەهۆشبەرەکان)**، لەوتووێژی لەگەڵ **"واحد مرکزی خبر"** کە لەرۆژی 13/11/1386ی هەتاوی ئەنجامیداوە، دەڵێ: **"لەساڵی 2007ی زاینیدا، دۆزینەوەی مواد مخدر لەلایەن هێزەکانمانەوە گەیشتووەتە بەرزترین ئاست لەهەموو جیهان، چۆنکە لەماوەی (9) مانگدا، هێزەکانمان توانیویانە دەست بگرن بە سەر (450) تەن (چوارسەت و پەنجا هەزار کیلۆ) تلیاک  وهێرۆئین دا. دۆزینەوەی ئەم دوو مادەیە بەم رێژە گەورەیە لە وڵاتەکەماندا، لەهەموو جیهاندا کۆمونێنەیە....!".**

بەکورتی، ساڵ لەگەڵ ساڵ، رێژەی تووشبوون بە مادەهۆشبەرەکانەوە لە قوتابخانە و زانستگەکان، لەنێو ژنان و پیاوان و منداڵ و هەموو چین و توێژی کۆمەڵگەی ئێران زیاتر پەرەدەستێنێت. لە هیچ چاخ و سەردەمێکدا بەوێنەی سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وڵاتی ئێران نەکەوتووەتە نێو زەلکاوی ئەفیونەوە. ئەورۆکە جگە لە تلیاک و هێرۆئین، چەندین جۆری دیکەی مادەهۆشبەرەکان سازکراون و، نێوی سەیروسەمەری وەک **کراک و شووشە** و ...هتد بەباڵایان براوە کە کارکردیان گەلێک لە هێرۆئین و تلیاک پترێکە و، لەماوەی چەند مانگێکدا لەشی مرۆڤ دادەرزێنێ و، تووشی ئازار و ئێشی لەرادەبەرەی دەکا و، لەنێوی دەبات.

## رامیاریی رژێمی ئێران

## سەبارەت بە دیاردەی مادە هۆشبەرەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان!

لەبەشەکانی پێشوودا، کورتەیەکمان لەمێژووی "مادەهۆشبەرەکان لەجیهان و ئێرانی کۆن و هەروەها لەسەردەمەکانی رژێمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا خستەڕوو. لەدرێژەی باسەکەماندا، دێینەسەر بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسایی کۆماری ئیسلامی و، چۆنێتیی دیاردەی مادەهۆشبەرەکان لەم بەشەی نیشتمانەکەمان، ئەوجا ئاوڕێک لە باشووری کوردستان و عێراق دەدەینەوە، بزانین لەماوەی چەند ساڵی رابوردوو – پاش رووخانی رژێمی بەعس لە عێراق، چلۆن و بەچ شێوازێک ئەم مادەیە بەرە بەرە لەو نێوچانەشدا سەریهەڵداوە!

هێژای گۆتنە، لێرەدا مەبەست لەرۆژهەڵاتی کوردستان، شاری سنە و، ئەو چەند شاروشارۆچکەیەی دەوروبەری نییە کە رژێمەکانی داگیرکەری ئێران لە رابوردوو و ئێستا، بۆ بچووک پێشاندانی رێژەی گەلی کورد و خاکەکەی لە رۆژهەڵات، نێوی ستانی کوردستانیان بەسەردابڕیوە، بەڵکو ئەگەر دەڵێین **"رۆژهەڵاتی کوردستان" مەبەستمان هەموو ئەو مەڵبەند و پارێزگانەیە کە لەڕووی مێژوویی و جوگرافی و زمان و کولتوورەوە بەبەشێکی جیانەکراوە لە کوردستان دەدرێنە قەلەم و، بریتین لە: پارێزگەی ورمێ، سنە (سانانذژ)، کرماشان، ئیلام، بەختیاری و لوڕستان و بویەرئەحمەد و کۆکیلوویە و، بەشێکی گەورەی پارێزگەی هەمەدان کە خاک ودانیشتوانەکەی کوردن و، لەڕووی دابەشکردنی ستانی وکاروباری ئیدارییەوە خراونەتە سەر پارێزگەی هەمەدان.**

دیاردەی مادە هۆشبەرەکان لەنێوچەکانی کوردستان لەکۆن و ئێستادا وەکیەک نییە و، لەهێندێک مەڵبەند مێژوویەکی کۆنتری هەیە. بۆ وێنە هەتاکو رووخانی

ڕژێمی حەمەڕەزاشا کە دەکاتە (30) ساڵێک بەر لە ئێستا، لەزۆربەی شاروشارۆچکە و گوندەکانی **پارێزگەی سنە و پارێزگەی ورمێ**، ئەم دیاردەیە بۆ خەڵکی شار و لادێ نامۆ بوو. ئەو کەسانەش کە تووشی تلیاک و شیرە دەبوون، لەشارەکاندا ژمارەیان بە پەنجەی دەست دەژمێردرا و، لەنێو خەڵکیشدا بەچاوی ڕێزەوە تەماشا نەدەکران. بەڵام لە پارێزگەکانی **کرماشان، ئیلام، لوڕستان و هەمەدان** ئەم دیاردەیە مێژوویەکی دێرینی هەیە. لەبەشی ڕۆژهەڵات وباشووری ڕۆژهەڵاتی کرماشان، ئەو مەڵبەندانەی کە دەکەونە نێوان دوو پارێزگەی **کرماشان – هەمەدان**، وەکو نێوچەکانی **سونقور و کولیایی تا دەگاتە "ماڵئاگر" کە فارس نێویانناوە (ملایر)**، لەوێشەوە بەرەو مەڵبەندی شاری **قوروە**، بەپانتایی سەدان کیلۆمەتری چوارگۆشە، ئەفیون مێژوویەکی دێرینی هەیە. **لەسەردەمی حکوومەتی قاجارەکاندا، بەشێک لە بووجەی حکوومەت لەڕێگەی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی تلیاک و شیرە لە ستانەکانی لوڕستان و کرماشان و ئیلام و هەمەدانەوە دابیندەکرا. بۆ وێنە لەسەدەی 18ی زاین، لەنێوان ساڵانی 1876 – 1878 دا، سەرجەم 1576 کیلۆ تلیاک تەنیا لە پارێزگەی کرماشان بە حکوومەت فرۆشراوە. ئەم ڕێژەیە ساڵ لەگەڵ ساڵ زیادی کردووە و، لەنێوان ساڵەکانی 1904- 1906 گەیشتووەتە 30026 کیلۆ.**

لەستانی لوڕستانیش بەوێنەی ستانی کرماشان، لەسەردەمی حکوومەتی قاجارەوە، بە فەرمیی لە مەڵبەندی **"چێکنی"** و **"پۆلدۆختەر"** و **بروویەرد (بروجرد)** ەوە، داوا لە دەرەبەگەکان کراوە لە زەوییەکانیاندا خەشخاش بچێنن. دوابەدوای رووخانی حکوومەتی قاجار و دامەزرانی حکوومەتی پاشایەتیی پەهلەویی بەسەرۆکایەتیی رەزاخان لە 1925 کە بە پشتیوانیکردنی ئینگلیز بەدەسەڵات

گەیشت، بۆ دابینکردنی بووجەی  ئێران، پشت بە هەناردەی تلیاک و شیرە و **"سووختە" (خڵتە)ی تلیاک** بەسترا. دەرەبەگەکانی کوردیش بەهۆی چاندنی خەشخاش لە زەوییەکانیان و، فرۆشتنی بەرهەمی ساڵانەیان بە دەوڵەت، پارەوپووڵێکی زۆریان دەستدەکەوت. **بەڵام پاش ئەوەی حەمەرەزاشا بەدەسەلات گەیشت و، بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی لەرادەبەدەری فیۆداڵە گەورەکان لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات کە مەلاکان بەشێکی گەورەی ئەم چینە خاوەندەسەڵاتەیان پێکدەهێنا، لەساڵی 1961 – 1960دا پرۆژەی ریفۆرم و سیاسەتی دابەشکردنی زەویی (تقسیم اراضی) خستەڕێ.** بەشێکی زۆر لە جۆتکارەکانی ئێران و کوردستان لەسایی ئەو پڕۆژەی شاوە بوون بە خاوەنی زەویی. ئەوجا لەبەر ئەوەی سالانی ساڵ ئەم جۆتکارانە خۆیان و باووباپیریان بەژیانی **"مەمرە و مەژیی"** کاریان بۆ ئاغاکانیان کردبوو، خەشخاشیان چاندبوو، و تلیاکیان هێنابووە بەرهەم،  پاش ئەوەی بوون بە خاوەنی زەویی، دەستیانکرد بە چاندنی خەشخاش و بەرهەمهێنانی تلیاک، چۆنکە لەلایەک شارەزاییەکی تەواویان لە چاندن و پێگەیاندنیدا پەیداکردبوو، هەروەها ئاگاداری ئەوەش بوون، کە چاندنی خەشخاش بەپێچەوانەی تۆوی دیکەی کشتوکاڵیی، ئەرکی کەمترێکە، هاوکات نرخ و داهاتی زیاترە و ژیان و گوزەرانیان باشتر دەکات. ئەوە بوو تلیاک بوو بە سەرچاوەی سەرەکیی داهات و بژێویی ژمارەیەکی زۆر لە جۆتکارەکان و، گوندنشینەکانی **پارێزگەکانی لۆڕستان و کرماشان و هەمەدان و، ئیلام.** تلیاک هەروەها لەلایەن جۆتکارەکانەوە بۆ دەرمانی زۆربەی نەخۆشییەکان بەکاردەهێنرا. ئەوەش لەنێو ئەو پارێزگە کوردییانەدا هۆیەک بوو بۆ پەرەسەندنی "اعتیاد" لەنیویاندا.

هەرلە سەردەمی رژێمی حەمەڕەزاشای پەهلەویدا لەبەشی رۆژاڤای کرماشان، لەچەند کێڵگەیەکدا کە پێیاندەگوت **"شرکت زراعی"** و، سەر بە وەزارەتی تەندروستی بوون، لەژێر چاودێریی رژێم خۆیدا گوڵی خەشخاشیان دەچاند و، تلیاکیان لێدەهێنایە بەرهەم. جگە لەوە هێندێک لە جۆتکارەکانیش بەدزی و نیوە ئاشکرا و، بەدانی بەرتیل بە چاودێرو کارناسانی دایرەی کشتوکاڵ، تلیاکیان دروستدەکرد و، لەبازاڕی رەشدا دەیانفرۆشت. لەوەوە تلیاک لەنێو بازاڕی کرماشان، بەتایبەتیی لە چایخانەکانی شاردا بڵاوبووەوە و، خەڵکێکی زیاتر گیرۆدەی بوون. لەستانی ئیلام و، لەدەوروبەری شاری **"دێلۆران"** کە فارس پێیدەڵێن **"دهلران"**، لەچەندین کێڵگەدا تلیاک دەهێنرایە بەرهەم و لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە، دەکرا بە دەرمان بۆ دەرمانفرۆشی و بیمارستانەکانی وڵات. بەڵام بەشێکیشی لەلایەن چاودێر و باخەوانەکانەوە دەدزرا و لەرێگەی بازاڕی رەشەوە دەگەیشتە دەستی کڕیارییەوە.

**پاش ئەم رۆنکردنەوەیە، ئێستا با بێینە سەر کاکڵی باسەکەمان سەبارەت بە روانگە و هەڵوێستی رژێمی ئیسلامیی ئیران سەبارەت بە مادەهۆشبەرەکان لە کوردستان!**

**ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی زانستانە و بابەتانە سیاسەتی راستودروستی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە مادەکانی بێهۆشمەنیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵسەنگێنن، دەبێ لەپێشدا کورتەیەکی ئەو پلان و ئامانجە سیاسییانە بخەینەڕوو کە کارگێرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەماوەی سیساڵی رابوردووەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەیان بردووە.**

**لای هەمووان ئاشکرایە،، مەبەست و ئامانجی سەرەکیی دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئیران – لەسەرووویانەوە ئایەتوڵڵا خومەینیی لە رووخانی رژێمی**

پاشایەتیی، ئەوەبوو، رژێمیکی ئیسلامیی لە ئێران بهێننە سەرکار، کە بەتەواوەتیی بەپێی دەستوور ویاسا و رێسای سەرەتاکانی ئیسلام بچێت بەرێوە. هاوکات، بتوانن بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژییەکەیان بەرەو وڵاتانی دیکەی نێوچەکە - بەتایبەتیی بۆ نێو ئەو وڵاتانە بنێرن کە پێڕەوانی شیعەیان تێدایە و، لەو رێگەیەوە ئیمپراتۆرییەکی شیعە، بە سەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی سازبکەن، کە نێوەندەکەی شاری "قۆم" بێت.

بەڵام، بە پێچەوانەی ئایدۆلۆژی و بیروباوەڕی بنچینەگرانەی دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، خەبات وئامانج و تێکۆشینی گەلی کورد، بۆ گەیشتن بە ئازادیی بوو، کە لەلایەن رژێمەکانی پاشایەتییەوە هەموو جۆرە ئازادییەکی لێزەوتکرابوو. مافەکانی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و، فەرهەنگیی کورد، بەتەواوەتیی پشتگوێخرابوون و، حەمەڕەزاشا بەوێنەی باوکی (رەزاشا)، بە هەموو شێوەیەک، سیاسەتێکی داگیرکەرانە و رەگەزپەرستانەی لە دژی نەتەوەی کورد پێڕەودەکرد.

پاش رووخانی رژێمی شا، زۆربەی شار و مەڵبەندەکانی پارێزگەی سنە و پارێزگەی ورمێ، کەوتنە دەستی کورد خۆیەوە و، هیچ جۆرە دەسەلاتێکی رژێمی نێوەندییان بەسەرەوە نەما. گەلی کورد بەو ئازادییەی دەستیکەوتبوو، بەرامبەر دوارۆژی خۆی گەشبین و، هومێدەوار بوو.

بێگومان، سەرهەڵدانی ئەو دۆخە نوێیە سیاسییەی رۆژهەڵاتی کوردستان، دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی تووشی ترس و پەژارە کردبوو. چۆنکە لە بووژاندنەوەی فەرهەنگی و هەستی نەتەوەیی و سیاسیی کورد دەترسان. لەپەتەوبوونی پێوەندیی نێوان رێکخراوە سیاسییەکان و، تێکۆشەرانی رۆژهەڵات و

باشوور دەترسان. سەرباری ئەمانەش، ئاگاداری ئەو راستییەش بوون کە، گەلانی دیکەی ئێران، چاو لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن و، لە داهاتوویەکی نێزیکدا ئەوانیش داوای ئۆتۆنۆمی و، مافەکانی سیاسی و فەرهەنگیی خۆیان دەکەن، لەبەر ئەوە، هەر لەسەرەتاوە ئاشکرابوو، ئەم دوو بیروباوەڕە ناتەبا و لێکجیاوازە پێکەوە هەڵناکەن. هێشتا پێنج حەفتە لە دامەزرانی رژێمی نوێ تێنەپەڕیبوو، کە حکوومەتی تاران شەڕێکی گەورە و خوێناویی بەسەر دانیشتووانی شاری سنەدا سەپاند، کە بە نەورۆزی خوێناویی سنە نێوی رۆیی و بەهۆیەوە، سەدان هاووڵاتیی کورد لەو شارە شەهیدکران. پێنج مانگ دواتر و، بە داڕشتنی پلانێکی دڕندانەی بەرفرەتر، لە 28ی گەلاوێژی 1358ی هەتاوی (18ی ئەگوستی 1979)، ئایەتوڵڵا خومەینیی، "فتوای جیهادی" لەدژی نەتەوەی کورد دەرکرد و، فەرمانیدا لە ماوەی ٤٨ دەمژمێردا، هەموو کوردستان داگیربکەنەوە. بە سەتان هەزار سوپا و پاسداری ئیسلامی و، پێڕەوانی کفنلەبەری حیزبوڵڵایی و گیانفیدای موسڵمان، رژانە کوردستانەوە....

**بەکورتی، لەساڵی 1979 ەوە تا کۆتایی (90) ەکانی سەدەی رابوردوو، کاربەدەستانی ئێران، بەنیازی لەنێوبردنی بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە رۆژهەڵات، چەندین پیلان و سیاسەتی جۆراوجۆریان پێڕەوکردووە، کە دەکرێ لەم پنتانەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێبکەین:**

**1- هێرشی سوپا بەمەبەستی داگیرکردنەوەی کوردستان و رێخستنی شەپۆلی گرتن و لەسێدارەدانی رۆڵەکانی کورد لەلایەن ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی، نوێنەری دەستنیشانکراوی ئایەتوڵڵا خومەینیی، بەمەبەستی داسەپاندنی ترس وشەوەزەنگ بەسەر کوردستاندا، پاشان راگواستنی دەیان بنەماڵەی پێشمەرگە بۆ خوارووی ئێران.**

**2- بڵاوکردنەوەی دەیان هەزار هێزی چەکدار لە هەموو کوردستان و، سازکردنی هەزاران سەربازگە و پێگەی سەربازیی لە شار و مەڵبەند و گرد و تەپۆڵکەی سەر جادەکانی کوردستان.**

**3- سازکردنی هیزی جاش و تۆڕی سیخوڕیی لە نێو شار و گوندەکان و، تەرخانکردنی پارە و پووڵی زۆر بۆیان، بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی دانیشتوانی کوردستان، لەرێگەی کوردی بەکرێگیراوەوە و، چاندنی تۆوی بێباوەڕبوون و ناکۆکی و دوژمنایەتیی لەنێوان کورد خۆیدا.**

**4- لەسێدارەدانی زۆرترین ژمارەی گیراوانی کورد لە زیندانەکانی رژێم لە کوردستان و لە شارەکانی ئێران لەلایەن دەزگەی پاراستن (اطلاعات) ەوە. دارشتنی پلان بۆ تێرۆرکردنی زۆرترین ژمارە لە ئەندامانی سەرکردەیەتی و کادر و پێشمەرگە و کەسانی رۆشنبیری کورد لە باشووری کوردستان و، لە دەرەوەی وڵات لەلایەن تیمەکانی تێرۆری وەزارەتی "اطلاعات" ەوە.**

**5- گوشارخستنە سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێمۆکراتی کوردستان، کە حیزبەکانی رۆژهەڵات لەنێو بەرن، یان لە نێوچەی بندەسەڵاتی خۆیان دووریان بخەنەوە و، رێ لەبەردەم هاتوچۆی ئەندام و پێشمەرگەیان بگرن بۆ نێو خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان و، رێنەدەن هیچ ئەندامێکیان سنووری رۆژهەڵاتی کوردستان ببەزێنێت.**

شانبەشانی بەڕێوەبردنی ئەم پرۆژە سیاسی و سەربازییانەی لەسەرەوە ئاماژەمان کردپێی، دەزگەی پاراستنی رژێم پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک، بەڕێگەی هێندێک کوردی سیخوڕ و خۆفرۆشەوە، لە شارەکانی کوردستاندا تلیاک و هێرۆئینی بڵاودەکردەوە. بەڵام لە کۆتایی (90) ە کانی سەدەی رابوردووەوە، لەپێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی تازەیان سەبارەت بە چۆنێتیی پارێزگاریکردن و درێژەدان بە دەسەلاتی رەگەزپەرستانەیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، جەختیان لەسەر گرنگیی پەرەپێدانی مواد مخدر بەشێوەیەکی سیستماتیک و رێکخراو کردەوە.

هێنانی "مادەهۆشبەرەکان، بۆ بەشەکانی خوارووی کوردستان، بەم شێوەیە کە لە بەلوچستانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ستانی خوزستان، یان بە رێگەی ستانەکانی **"یەزد" و "کرمان"** ەوە دەهێنرێ و، بەنێو ستانەکانی بویەر ئەحمەد و بەختیاری و لۆڕستان و ئیلام دا بڵاودەکرێتەوە. بۆ ستانی کرماشان، بە رێگەی **"پارێزگەی هەمەدان"** ەوە دەهێنرێت. بەڵام بۆ دوو پارێزگەی سنە و ورمێ، دەزگەی پاراستن (اطلاعات)، راستەوخۆ هێنان و دابەشکردنی مواد مخدر سەرپەرشتیدەکات. لەراستیدا، لەم دوو پارێزگەیە کە لەلایەن رژێمەوە، بە **"نێوچەی جەنگیی"** نێوناسکراوە، هیچ باند و دەستەیەک ناتوانێت سەربەخۆ و لەدەرەوەی دەزگەی پاراستنی رژێم و، بە بێ ئاگاداریی کاربەدەستانی رژێم لەو دوو هەرێمەدا، بازرگانیی مواد مخدر بکات.

لە روانگەی کاربەدەستانی ئێرانەوە، **(هەردوو پارێزگەی ورمێ و سنە)،** تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و، بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی، چەق و نێوەندی بەرخۆدان و، شەڕوشۆڕی گەورە و خوێناویی لەدژی سوپا و داوودەزگەی رژێم بووە و، سەرەرای کوژرانی هەزاران مرۆڤی کورد و، سازکردنی دەیان بەندیخانەی گەورە، هێشتا رژێم نەیتوانیوە هێمنی و ئاسایشی دڵخوازی خۆی لەو دوو پارێزگەیەدا دابین بکات. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە، لەنێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان، هەر لە پازدە - بیست ساڵی رابوردووەوە، کێشەیەکی گەورەتر بەرەوڕووی کاربەدەستانی ئێران بووەتەوە، ئەویش سەرهەڵدانی بزاڤێکی رۆشنبیری و فەرهەنگیی کوردییە کە لەلایەن چینی لاوان و رۆشنبیر و خوێندەوارەوە لەشارەکاندا دەستیپێکردووە و، بە دوور لە بازنەی شەڕ و ناکۆکیی حیزبەکانی، بەبێترس و سڵکردنەوە لە هێزی چەکدار و بوونی دەیان هەزار

بەکرێگیراو و سیخوڕی رژێم، خەباتێکی ژیرانەی دەستپێکردووە و، رۆژ لەگەڵ رۆژیش ئەم هۆشیاری و پێگەیشتنە لە پەرەسەندندایە. لەبەر ئەوە، کاربەدەستانی رژێم، کە پێیانوابوو بە رێگەی **"دۆست"** ەکانیان لە باشووری کوردستان، بزاڤی رزگاریخوازیی رۆژهەڵاتی کوردستانیان لەنێو بردووە، کاتێکیانزانی نەتەنیا ئاواتی داگیرکارییان نەهاتووەتەدی، بەڵکو لەگەڵ خەباتێکی گەلێک بەهێزتر لە رابوردوو رووبەڕوو بوونەتەوە، لەبەر ئەوە، بەبیرێکی کوورترەوە کەوتنە دارشتنی پیلان بۆ تێکدانی ئەم بزاڤە رۆشنبیرییە نەتەوەییە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بۆ ئەمەش، دەزگەی **(اطلاعات)**، سەرەتا، دەستیکرد بەهێنانی جلوبەرگی هەرزان لە



بەلوچستانەوە بۆ شاری مەهاباد. پاش ماوەیەک ئەم پرۆژە بازرگانییە نێوی لێنرا جلوبەرگی **"تاناکۆرا"** (نێوەکە لە زنجیرە فیلمێکی ژاپۆنییەوە وەرگیراوە!). زۆری نەخایاند نێوبانگی "تاناکۆرا"، هەموو شارەکانی کوردستان و، ئێرانی تەنییەوە و،

بەتایبەتیی لەلایەن چینی هەژار و کەمدەرامەتەوە پێشوازیی زۆر گەرمی لێکرا. شاری مەهاباد، دەستنیشانکرا بۆ نێوەندی فرۆشتن و، بڵاوکردنەوەی جلوبەرگی تاناکۆرا و، بازرگانی شارە گەورەکانی ئێران و کوردستان، لە **تاران و تەوریز و کرماشان و سنە و سەقز** و هتد، بۆ کڕینی جلوبەرگی تاناکۆرا، دەبوو روو لە شاری مەهاباد بکەن.

هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم پڕۆژەیە، چەندین بازرگان و کوردی تاوانبار و نیشتمانفرۆش، کە جێباوەڕ و متمانەی وەزارەت **"اطلاعات"** بوون، دەستنیشانکران، تا لەگەڵ هێنانی هەر لۆرییەک جلوبەرگی تاناکۆرا، چەند سەت کیلۆ **لە جۆرەکانی مادەهۆشبەرەکان** تێکەڵ بە جلوبەرگەکان بکەن و، بیگەیەننە شوێنی دیاریکراوی (اطلاعات) لە شاری مەهاباد، لەوێشەوە لە نێو شاری مەهاباد و شارەکانی دەروبەردا بڵاوییکەنەوە. بەم شێوەیە بەڕێگەی هێنانی جلوبەرگی تاناکۆراوە، هێنان و بڵاوکردنەوەی مادەهۆشبەرەکان، بێ هیچ گیروگرۆیەک لە کوردستان دەستیپێکرد. لە ریگەی ئەم بازرگانییە دژ بە کوردەوە، کە ئێستاش هەر بەردەوامە، کاربەدەستانی رژێم، لەو دوو پارێزگەیە، بوونەتە خاوەنی پووڵ و سامانێکی زۆر، هاوکات، ئامانجی تێکدەرانەی رژێمەکەشیان جێبەجێکردوە. سەرەرای ئەوەش، توانیویانە ژمارەیەک زۆڵەکوردی دژ بە گەل و نیشتمانەکەیان پەروەردە بکەن، کە ئامادە بن، لەپێناو دەولەمەندکردنی خۆیاندا، زیانی گەورە لە کوردی هاورەگەز و هاونیشتمانی خۆیان بدەن.

ئەوڕۆکە هەموو تاکێکی کورد، لەم راستینەیە باش ئاگادارە، کە رۆژ نییە لە شارەکانی ئێراندا، باس لە گرتنی باندەکانی مادەهۆشبەرەکان و، لەسێدارەدانی قاچاخچی و زیندانیکردنی سەدان هێرۆئینکێش لەمیدیاکانی رژێمەوە بڵاونەکرێنەوە،

بەڵام لە کوردستاندا، تاکو ئێستا هیچ باند و دەستەیەک بە هۆی ئەو تاوانەوە نەگیراون و لەسێدارە نەدراون. ئەو کەسانەش کە چایخانە بە چایخانە و، کۆڵان بە کۆڵان مادەی هۆشبەر لەگەڵ خۆیان دەگێڕن و، رۆڵەی خەڵک تووشی ئەو بەڵاسامناکە دەکەن، بۆ خەڵکی شارەکان ناسراون و، هەموو کەسێک لە کردەوە و پیشە و شوێنی ژیانیان ئاگادارە. بەڵام بەکرێگیراوانی رژێم خۆیان لە ئاستیاندا گێل دەکەن، ئەگەر جاروباریش بەرێکەوت یەکێکیان لێدەگرن، پاش چەند رۆژێک بەرەڵڵای دەکەن.

بە شرۆڤەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە لە نێو کۆمەڵدا بۆمان دەردەکەوێ، بێکاری و هەژاری و دەستکورتی و، کێشەی نێو خێزان هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی ناهومێدی و بێزاربوون لە ژیان و، دەستدانە خۆکوژیی یان پەنا بردنەبەر مادەهۆشبەرەکان. کاربەدەستانی ئێران کە لە کوردستاندا سیاسەتێکی داگیرکەرانە و، رەگەزپەرستانە پێڕەودەکەن، نایانەوێت کوردستان لەڕووی پیشەسازی و، ئابوورییەوە پێشبکەوێت. کارگە و نێوەندی بەرهەمهێنانی تێدا دروستناکەن، چۆنکە دەیانەوێ کۆمەڵی کوردەواریی لەهەژاری و دواکەوتوویی ئابووریدا بمێنێتەوە. لێکۆڵینەوەکان پێشانیانداوە، لەنێو ئەو مەڵبەندانەی رێژەی بێکاری و هەژاریی لەسەرەوەیە، هەر بەو پێیەش، رێژەی تووشبووی مادەهۆشبەرەکان و، خۆکوژی و خۆسووتاندن و بێڕەوشتی و دزیکردن، بەردەوام زیادی کردووە. رژێمی داگیرکەری ئێران، لەهەموو **مەڵبەندەکانی کوردستان (بە شیعە و سوننە)** وە، بەئاشکرا سیاسەتی دواخستنی کۆمەڵی کوردەواریی پێڕەو دەکات. لەم بارەیەوە، دەزگەی هەواڵنێریی **"فارس"**، راپۆرتێکی لەساڵی (2007) دا بڵاوکردووەتەوە کە رۆناکی زیاتر دەخاتە سەر باسەکەمان. لە راپۆرتەکەدا هاتووە:

**ڕێژەی بێکاریی لە چەند ستانی ئیران**:

1- ڕێژەی بێکاریی لە کوردستان 25% (مەبەست لێرەدا پارێزگەی سنەیە - ن.).

2- ڕێژەی بێکاریی لە کرماشان 26%

3- ڕێژەی بێکاریی لە ستانی لوڕستان 34%. ئەمە لەکاتێکدا لە جەنگی عێراق – ئێراندا، ستانی لوڕستان بە تەواوەتیی پشتیوانی ڕژێم بووە و، لە جەنگی کوردستان و، جەنگی (٨) ساڵەی عێراق – ئێران دا بەدەیان هەزار قوربانیی داوە. هەروەها ڕێژەی تووشبوانی مادەهۆشبەرەکان لەم ستانەدا نێزیکەی ملوێنێک و دووسەت هەزار کەسە، کە دەکاتە 60% ی دانیشتوانەکەی.

4- ڕێژەی بێکاریی لە ستانی کۆکیلۆیە و بویەر ئەحمەد 15/1%

5– ڕێژەی بیکاریی لە ئەسفەهان کەمتر لە 4%

6- ڕێژەی بێکاریی لە ستانی سیستان و بەلوچستان 35%. ڕژێمی ئێران، لە بەلوچستانیش بەوێنەی کوردستان، بەتەواوەتیی سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەی دژ بە گەلی بەلووچ پێڕەو دەکات.

7- ئازەربایجان (ستانی تەورێز) 6/5%

8- ستانی خۆراسانی خواروو 18% .

(هێژای گۆتنە، بەشێکی گەورەی ستانی خۆراسان کوردنشینە و بە "کوردستانی خۆراسانی" نێوبرۆیشتووە!).

دەزگەی هەواڵنیریی فارس هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، سەبارەت بە دیاردەی خۆسووتاندن و خۆکوژیی لەنێو ژنان و پیاوان لە هەموو ئێراندا ستانەکانی ئیلام و کرماشان لەریزی پێشەوەن.

## باشووری کوردستان و عێراق و دیاردەی مادەهۆشبەرەکان!

لەپاش ڕووخانی ڕژێمی سەددام لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، هەلومەرجێکی سیاسیی لەبار و گونجاو بۆ ڕژێمی ئێران ڕەخسا، کە لەلایەک تۆڕی سیخوڕی و ڕێکخستنی چەکداریی لەنێو هەرێمەکانی شیعەنشینی عێراقدا بەهێزبکات، لەلایەکی دیکەشەوە، لەو نێوچانەی کە بەتەواوەتیی چاودێریی سوپای نوێی عێراق و ئەمریکایان بەسەرەوە نییە، بەتایبەتیی لە باشووری عێراق، دەستبکات بە بازرگانیی مادەهۆشبەرەکان و، هاندانی جۆتکارەکان و، گوندنشینەکانی لایەنگری **"سوپای مەهدی"**، بۆ ئەوەی لە کێڵگەکانیاندا گیای خەشخاش بچێنن. ڕێگەیەکی دیکەی گەیاندنی مادەهۆشبەرەکان بۆ عێراق، لەڕێگەی ئەو هەزاران ئێرانییانەوە ئەنجامدەدرێت کە بۆ زیارەتی مەزاری ئیمامەکانی شیعە و شوێنە پیرۆزەکانیان سەردانی شارەکانی عێراق دەکەن. ماڵپەڕی **"سبەی"** لەزمانی ئاژانسی هەواڵنیریی "فرانس پرێس"، ڕێکەوتی 7/7/2007 ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە، کە لێرەدا کۆپلەیەکی دەنووسینەوە:

(**عەمارە دەروازەی سەرەکییە! عێراق بووەتە ڕێڕەوی سەرەکیی بازرگانیی مادە هۆشبەرەکان، بەرەو خۆرهەلاتی ناڤین و ئەفریقا و ئۆروپا! لەدوای ساڵی 2003 وە بازرگانیکردن بە تلیاک و مادە هۆشبەرەکانی دیکە لەعێراق پەرەی سەندووە و، لە ئەفغانستانەوە بەنێو ئێراندا دەهێنرێت و لە عێراقەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت....**).

ماوەی چەند ساڵێکە، جۆتکارەکانی شاری **دیوانییە** و دەوروبەری لە باشووری بەغدا، لەجیاتی بەرهەمهێنانی برنج ڕوویانکردووەتە چاندنی خەشخاش و بەرهەمهێنانی تلیاک. ئەم نێوچەیە لەهەموو عێراقدا بە نێوچەی کشتی برنج بەنێوبانگە. پشێوی و ئاڵۆزییەکانی چەند ساڵی ڕابوردوی عێراق، بوو بەهۆی ئەوە سوپای ئەمریکا و دەوڵەتی عێراق سەریاننەپەرژێتە سەر دیاردەی

مادەهۆشبەرەکان کە لەڕێگەی ئێرانەوە بەخشکەیی خەریکە ریشە دادەکوتێت. لەنێوچەکانی **"شامیە"** و **ئەلفەماس"** و **"شینافە"** کە لەباشوور و رۆژاڤای دیوانییە هەڵکەوتوون، کشتی خەشخاش پێشکەوتنی خێرای هەیە. بەوتەی کارناسان، پاش جەنگی کوێت و لاوازبوونی دەسەلاتی رژێمی بەعس بەسەر سنوورەکانی عێراقدا، قاچاخچییەکانی مادەهۆشبەرەکان لە باشووری عێراق وەک بەردەباز بۆ دەربازکردنی مخدرات بەرەو ولاتانی کەنداو سوودیان وەرگرتووە. پاش نەمانی رژێمی بەعسیش پلانەکەیان ئەوەیە عێراق بکەن بە مەڵبەندێکی تازەی بەرهەمهێنانی تلیاک و هێرۆئین کە جێگەی ئەفغانستان بگرێتەوە. شایانی باسە، کشتی خەشخاش لە **"بەسرە"** و **"ناسریە"** و **"کووت"** یش پەرەی گرتووە و، هۆزە عەرەبەکانی ئەم مەڵبەندانە کە زانیارییان لەسەر داهاتی زۆری مادەهۆشبەرەکان پەیداکردووە، بۆ پارێزگاریکردن لە زەوی و داهاتیان، تێکەلاوی سوپا و هێزی پۆلیس و چەکداری حیزبەکانی شیعە و سوونەی خاوەندەسەلاتن لەنێو حکوومەتی تازەی عێراق.

بێگومان، ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەزوویەکی زوو نەتوانن، کۆنترۆڵی سنوورەکانی عێراق بکەن، لەچەند ساڵی داهاتوودا عێراق جێگەی ئەفغانستان دەگرێتەوە و، دەبێتە یەکێک لە گەورەترین ولاتانی هەناردەی مادە هۆشبەرەکان لە جیهان. ئەوجا گەر بێتوو مافیای مادەهۆشبەرەکان لە ولاتێکی وەک عێراق پەرەبگرێت، بەوێنەی تاڵەبانەکان لە ئەفغانستان و، رژێمی وەلی فەقیە لە ئێران دەسەلاتی سیاسیش بەدەستەوە دەگرێ و، بە چەکی ئاین و هێزی بەکرێگیراوەوە، دەبێت بە مەترسییەکی گەورە لەبەردەم پرۆسەی ئازادی و هێمنی و ئاسایشی گەلانی نێوچەکە و، زیانی گەورەش لە بەرژەوەندیی ولاتانی رۆژاڤا دەدات کە رۆژهەلاتی ناڤین بە شادەماری ئابوورییان دەژمێردرێت. لەبەر ئەوە هەر

لەسەرەتاوە سازکردنەوەی عێراقی نوێ بەو پێکهاتە سەیروسەمەرەوە و، پاشان کشانەوەی سوپای ئەمریکا و تەسلیمکردنەوەی شار و سنوورەکانی عێراق بە سوپای نوێی عێراق، نەتەنیا لەداهاتوویەکی نێزیکدا شەڕی گەورە و خوێناویی لەنێوان لایەنەکانی نەتەوەیی و ئاینیی لێدەکەوێتەوە، بەڵکو ئاینزای شیعەی باڵادەست لە عێراقی نوێ کە لەگەڵ ئێراندا خزمایەتی مێژوویی و هاوئاینیی لەنێوانیاندا هەیە و، لەڕووی هزریشەوە پێڕەویی لە سیستەمێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی وەکیەک دەکەن، مافیای مادەهۆشبەرەکان لەو وڵاتە ریشە دادەکوتێ و، رۆژ لەگەڵ رۆژ چاندنی خەشخاش لەنێو کێڵگەکانی باشووری عێراق زیاتر پەرەدەستێنێ و، ئەو پێشبینییە بەڕاست دەگەڕێ، کە دەڵێت: **"عێراق لەڕووی چاندنی خەشخاش و هەناردەی هێرۆئین و تلیاکەوە لەداهاتوودا جێگەی ئەفغانستان دەگرێتەوە!".**

**لە باشووری کوردستان**، ماوەی چەند ساڵێکە دیاردەی مادەهۆشبەرەکان سەریهەڵداوە. میدیای حکوومەتی هەرێم و، رۆژنامەکانی حیزبی و ناحیزبیی لە باشووری کوردستان، لەزمانی پۆلیس و کاربەدەستانەوە، هەواڵی گیرانی قاچاخچی مادەهۆشبەرەکان لە باشوور بڵاودەکەنەوە. بۆ وێنە، ئاسایشی سلێمانیی، لە رۆژی 2008/7/6 دا، ئاماژەی بە گرتنی پیاوێکی تەمەن (20) ساڵ کردووە، کە لە سنووری **"باشماخ"** گیراوە و، کیلۆیەک تلیاکی پێبووە و ویستوویەتی بیهێنێتە نێو خاکی باشوورەوە.

هەروەها حەفتەنامەی **"میدیا" زمانڕەوشی یەکێتیی نەتەوەیی دێمۆکراتی کوردستان**، رێکەوتی 2007/9/4 ژمارە (305)، دیمانەی لەگەڵ **فرسەت دۆڵەمەڕی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی مادەهۆشبەرەکان لە هەولێر** و، **جەلال ئەمین بەگ بەرپرسی هۆبەی نەهێشتنی مادەهۆشبەرەکان** ئەنجامداوە و، ئەم

دوو بەرپرسە، لەدیمانەکەدا رایانگەیاندووە: **"هێزەکانی ئاسایش تاکو ئێستا دەستیان بەسەر دەیان کیلۆ تلیاکدا گرتووە و، دەیان کەسیشیان بە تاوانی بازرگانیی بە مادەهۆشبەرەکانەوە گرتووە. جەلال ئەمین بەگ، مەترسیی مادەهۆشکەرەکان لە تیرۆر بە گەورەتر داوەتە قەڵەم و، رەخنەی لە کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم گرتووە کە وەک پێویست بایەخ و گرنگیی بە مەترسیی بڵاوبوونەوەی ئەم مادە ترسناکە لە باشووری کوردستان نادەن!".**

گەر رەوشی سیاسیی عێراق بەم شێوەی ئێستا بڕواتە بەرەوە، باشووری کوردستان لە داهاتوودا، لەپێوەندیی لەگەڵ مادەهۆشبەرەکاندا لە دوو ئالییەوە مەترسیی لەسەر دەبێت و، لەدوو ڕێگەوە مادەهۆشبەرەکان دەرژێتە نێو شار و شارۆچکەکانییەوە. ڕێگەیەکیان لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەهێنرێتە باشوور، ڕێگەی دووەمیشیان لە باشووری عێراقەوە دەهێنرێت کە ئەم ڕێگەیان مەترسیی زیاتری دەبێت، چۆنکە لەگەل سەقامگیریی زیاتری بارودۆخی نێوخۆیی عێراق، کۆنترۆڵی پۆلیس و هێزی چەکداری حکوومەت لە جادە و پرسگە و بازگەکانی شارەکاندا کەمتردەبێ، ئەوەش زەوینە خۆشدەکات بۆ هینانوبردنی کەلوپەلی بازرگانی و، لەو ڕێگەشەوە مادەهۆشبەرەکان بە هاسانی و بێگرفت دێتە نێو کوردستانەوە.

بەکورتی، هەناردەی سەرەکیی رژێمی ئێران بۆ وڵاتانی نێوچەکە، بریتییە لە ڕێکخراوەی تێرۆریستی و ناردنی پووڵ و چەکوچۆڵ بۆیان، سازکردنی تۆڕی تێرۆر و سیخۆڕی و بڵاوکردنەوەی مادەهۆشبەرەکان لەو شوێنانەی کە دەیەوێت دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت. لەبەر ئەوە، کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم، دەبێ بە هۆشیارییەوە، ئاگاداری پیلانەکانی بەردەوامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بن و، پلانی باش و بەجێ و گونجاو دابڕێژن بۆ پووچەڵکردنی هەموو پیلان و هەوڵی تێکدەرانەی ئەم رژێمە دژ بە مرۆڤایەتییە لە کوردستان.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی مادەهۆشبەرەکان و،

## چۆنێتیی بەربەرەکانێ و چارەسەرکردنی!

هەموو ئەو لێکۆڵەرەوانەی کە بەشێوەیەکی بابەتانە و زانستانە، سەبارەت بە دیاردەی ئەفیون لە ئێران لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە، هەموویان لەسەر ئەو بیرە رێکن، بەربەرەکانێکردنی مادەهۆشبەرەکان لە ئێران، گەلێک دژوارە و، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ ئەم کێشەیە بەرەوڕوون. چۆنکە دیاردەی تلیاک و تلیاککێشان لەئێران، بەدرێژایی سەدان ساڵ بوون و بەکارهێنانی بەردەوامی لەلایەن چین و توێژی جۆراوجۆری خەڵکەوە، تێکەڵ بە کولتوور و ژیان و ئابووری و داوونەرێتی کۆمەڵگەی ئێران بووە. هەر دیاردەیەکی خراپ، بەهەر هۆیەک، کە زەوینە رەخسابۆی و کاری پێکرا، بەرە بەرە لەگەڵ کولتووری کۆمەڵگەکەدا تێکەڵ دەبێ و، دەبێتە بە (عادەت) و بە خراپ و شەرم و (عەیب) ناژمێردریت و، ئەنجامدانی دەبێتە کارێکی ئاسایی. **هەروەک چۆن لەنێو کوردیشدا، پیشەی جاشایەتیی، یان دژایەتیکردنی بیری پیرۆزی رزگاریی کورد و دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان و، دژایەتیکردنی تێکۆشەرانی راستینەی رێبازی کوردایەتیی، بووە بە دیارەیەکی ئاسایی و، بەشەرم و هێڵی سوور و خیانەتکردن لە نەتەوە و نیشتمان داناندرێ.** هەر بەو شێوەیەش، لەنێو ئێراندا مادەی ئەفیون، لەدێرزەمانەوە تێکەڵاوی وێژە و ئابووری و کولتووری دانیشتوانەکەی بووە. لە شایی و کۆڕ و بەزمی شەوانە و، لەمێوانی و لەسەر سفرەی ماڵی هەژار و دەوڵەمەند و، سەرۆکی دەوڵەت و مەلا و وەزیر و وەرزێر و کاسپ و فەرمانبەر و مامۆستادا، تلیاک و کەلوپەلی تلیاککێشان ئامادەیە. خانەخوێ بۆ سەلماندنی رێزی

تەواوی لە میوان، سفرەی تلیاککێشان دەرازێنێتەوە و، کار و ئەرکی رازاندنەوە و، خۆشکردنی ئاگر و پێداویستییەکانیشی، بە ژن و منداڵەکانی دەسپێرێت.

هەر سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بیهەوێ بڕیاری نەهێشتنی دێوەزمەی ئەفیون لە ولاتەکەیدا بدات، دەبێ بەر لەهەر کارێک، شۆرشێکی فەرهەنگیی لەدژی ئەم دیاردەیە بخاتەڕێ. لە قوتابخانەکاندا، سەبارەت بە ئاکامەکانی رووخێنەری مادەهۆشبەرەکان لە سەر مرۆڤ و بنەماڵە و کۆمەڵ، بە فیلم و بە نووسراوە قوتابییەکان تێبگەیەنن و هۆشیاریان بکەنەوە. لەمیدیای وڵاتەوە، بەشێوەی بەردەوام و سیستەماتیک، کەسانی شارەزا و پسپۆڕی بوارەکانی کۆمەڵایەتیی، کۆمەڵگەی خۆیان هۆشیار بکەنەوە. سەمینار و کۆنفرانس بۆ پیاوان و ژنان لە گەڕەک و کۆڵانی شارەکاندا رێبخرێت. دیاردەی بێکاری و هەژاریی لەوڵاتدا بنبڕ بکرێت. باری گوزەران و، بژێویی چینی هەژار و کەمدەرامەت چاک بکرێ. ئەوجا ژمارەی تەواوی تووشبووان نێونووس بکرێ و، لە نێوەندی تایبەت و بە چاودێریی وەزارەتی تەندروستیی، کۆبکرێنەوە و، پاش چاکبوونەوەی نەخۆشییەکەیان (**چۆنکە "معتاد" نەخۆشە و، تاوانبار نییە و، پێویستی بە چارەسەری و رێزلێنانە و، پێویستە کەسایەتیی تێکشکاوی سەر لەنوێ ساخ بکرێتەوە**)، کار و بژێویی ژیانیان بۆ دابین بکرێ. یاسا لەبەرامبەر بازرگانانی مادەهۆشبەرەکاندا وەکیەک مامەڵە بکا و، دادگەی وڵات بێجیاوازیی، بۆ سەرپێچیکەران ماوەی زیندانیان بۆ ببڕێتەوە. بەهاوکاریی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، پلان بۆ لەنێوبردنی تەواوی سەرچاوەکانی چاندن و بەرهەمێهنانی ئەفیون لەنێوخۆی وڵات و، لەدەرەوە دابڕێژێت. ئەمانە و گەلێک کاری خزمەتگوزاریی دیکە، بەتایبەتیی بۆ چینی لاوان بە کچ وکوڕەوە، وەکو هاسانکاریی بۆ خوێندن و دامەزران و سازکردنی هەزاران نێوەندی وەرزشی و

...هتد، لەنێو کۆمەڵگەشدا، یاسایەکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو پێڕەو بکرێت کە ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ و راگەیاندن پارێزراوبێت.

بەڵام، جێبەجێکردنی ئەم کارە سەرەکی و گرنگانە، بێگومان رژێم و دەوڵەتێک دەتوانێ ئەنجامیان بدات، کە بەرامبەر چارەنووس و ژیان و ئاسایش و خۆشگوزەرانیی دانیشتوانی



وڵاتەکەی، خۆی بە بەرپرسیار بزانێ. هەر بۆیە وەکو رۆژ لێمان روونە، لە سایی رژێمێکی وەکو کۆماری ئیسلامیی ئێران، یان رژێمەکانی پاشکەوتوو و دیکتاتۆری لەشێوەی ئێران، ئەم پرۆژە چاکسازییانە نەتەنێ نایەنەدی، بەڵکو رۆژ لەگەڵ رۆژ بارودۆخی سیاسی و ئابووری و، هەموو ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی ئەورۆکە داوێنی کۆمەڵگەی ئێرانیان گرتووە، زیاتر و زیاتر پەرە دەستێنن. چۆنکە، کاربەدەستانی ئێران، مانەوەی دەسەڵاتی سیاسی و

ئابوورییان بەسەر وڵاتدا لە نەزانی و دواکەوتووی و، سەرقاڵبوونی خەڵک بەکێشە و کارەسات و ئاڵۆزیی کۆمەڵایەتیدا دەبیننەوە و باشدەزانن، ئەگەر بەشێوەیەکی زانستانە و هاوچەرخانە پلانی نەهێشتنی کێشەکانی نێوکۆمەڵ بدەن و، ئاسایش و خوشگوزەرانی و ئازادییان بۆ دەستەبەر بکەن، ئەوا بەدەستی خۆیان گۆڕیان بۆ رژێمەکەیان هەڵکەندووە. لە ئالیی دیکەشەوە، ئاشکرایە، کارگێڕانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران - لەنێویاندا فەرماندەکانی سوپای پاسداران، جگە لە دەیان سەرچاوەی ئابووریی کە لەژێر دەستیاندایە، هەروەها بەهۆی داهاتی سەرسووڕهێنەری مادەهۆشبەرەکانەوە، بوونەتە خاوەنی سامان و داراییەکی ئەوتۆ گەورە کە ئامادەنین بەهیچ چەشنێک دەستی لێبەردەن.

لە پێوەندیی لەگەڵ نەتەوەی کوردیشدا، سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بریتییە لە بڵاوکردنەوەی "مواد مخدر"، داسەپاندنی جەوی ترس و شەوەزەنگ و، گرتن و شکەنجەدانی رۆشنبیر و رۆژنامەنووس و ئازادیخوازانی کورد، پیلان بۆ تێکدانی حیزب و رێکخراوە سیاسییە کوردییەکان، بڵاوکردنەوەی تۆڕی سیخوڕ و بەکریگیراوانی لەنێو هەموو ئەو شوێنانەی کە هەست بکات، سەرچاوەیەکن بۆ خەباتی رۆشنبیری و سیاسی و فەرهەنگیی کوردیی.

ئەوجا ئێمەی کوردیش کاتێک دەتوانین هەموو نەخشە و پیلانە گڵاوەکانی رژێمی ئێران پووچەڵ بکەینەوە، کە لەپێش هەر شتێکدا، خاوەنی بیروباوەڕی نەتەوەیی بین و، لە روانگەی بیروباوەڕی نەتەوەیییەوە، بیر لە دۆزینەوەی رێچارەی شیاو گونجاو بکەین بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی کە داگیرکەرانی کوردستان بۆ نەتەوەی کوردی دروستدەکەن. پێویستمان بەوەیە لە میدیای کوردییەوە، بەشێوەیەکی بەردەوام، رۆشنبیرییەکی نەتەوەیی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی بڵاوبکرێنەوە. ئامانج و پیلانی داگیرکەران لە بڵاوکردنەوەی

مادەهۆشبەرەکان لە کوردستان، بەشێوەیەکی زانستانە و بابەتانە دەستنیشانبکرێن و، لە هەموو دانیشتوانی ولاتەکەمانی بگەیەنین، کە خەبات بۆ رزگاریی کوردستان، جیا نییە لە خەبات بۆ نەهێلانی دیاردەی مادەهۆشبەرەکان.

**لە کۆتاییدا، چارەسەری بنەڕەتیی بەربەرەکانێکردنی "مواد مخدر" و هەموو کێشە و ئاستەنگەکانی نێو کۆمەڵی کوردەواریی، بەوە دەکرێت کە خاکی کوردستان لە چنگی داگیرکەرانی دڕندەی بهێنرێتەدەرێ و، لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا، بناخەی سیستەمێکی دادپەروەرانە دابرێژرێ و، هەموو تاکێکی کورد، لە خاک و نیشتمانی خۆیدا، کار و ژیان و خزمەتگوزاری و ئاسایشی بۆ دابین بکرێت!**

## پەراوێز!

(1*) – (سوختەی تلیاک)، بە کوردییەکەی دەبێتە (خڵتە). تلیاککێشەکان، دەمنەیەکی تایبەتیان بۆ کێشانی تلیاک لەکۆنەوە سازکردووە، کە پێیدەڵێن (وافوور). وافوور سەرێکی خڕی وەک گوێزی هەیە. ئەوجا شیلەی تلیاکی نێو وافوورەکە پاش ماوەیەکی کورت، وشک دەبێتەوە، کە بە چەقۆ دەیکرێنن و، کۆی دەکەنەوە. پاشان دەیکوڵێنن و، شیرە، یان شیلەی لێ دەهێننە بەرهەم، کە بە چەندین پلە کارکردی لە تلیاک بۆ سەر لەشی مرۆڤ زیاترێکە. ئەو ئامێرەش شیرەی تلیاکی پێدەکێشن، پێیدەڵین (نگاری).

(2*) – سوپای پاسدارانی ئیسلامی ئێران، پاش دامەزراندنی شۆرشی ئیسلامیی ئێران، لە مانگی گوڵانی ساڵی 1980 لەسەر بڕیاری خومەینیی دامەزرا و، پێنج لقی هەیە و بریتین لە:

(هێزی زەوینی، هێزی ئاسمانیی، هێزی زەریایی، هێزی بەسیج و "سوپای قودس" کە نێوەکەی دواتر گۆڕا بۆ (هێزی قودس).

(3*) - بەخستنەڕووی ئەم بەڵگەنامەیە دەزانین لەپێش دۆزینەوەی نەوت لە کەرکووک و باشووری کوردستان، نەوت لە رۆژهەلاتی کوردستان دۆزراوەتەوە، بەلام لەهیچکام لەو بەشانەدا کورد نەیتوانیوە سوودی سیاسی و ئابووریيان لێوەربگرێت!

# سەرچاوە:


1- گۆڤاری کۆنگرە، ژمارە (21) مانگی گەلاوێژی 2001ی زایینیی.

2- پەرتۆکی "اقتصاد ایران در قرن نوزدهم"، نووسینی: ئەحمەد سەیف؛ چاپخانەی "چشمە" لەساڵی 1373ی هەتاویدا بڵاویکردووەتەوە.

3- رۆژنامەی (اعتماد) ی فارسی ژمارە (1405) رێکەوتی 8/3/1386ی هەتاوی.

4- پەرتۆکی (خانوادە و اعتیاد) لەنووسینی مێهرئەنگیز کار، دەزگەی چاپەمەنیی (باران) لەچاپیداوە.

5- حەوتوونامەی فارسی "حرف لر" (وتەی لۆڕ) ژمارە (٤) ی رۆژی پێنج شەممە جۆزەردانی ساڵی 1998.

6- ماڵپەڕی: http://mokhader.mihanblog.com/



7- سوپاسی گەرمی هاوڕێی بەرێز کاک خالید چالاکیی دەکەم کە سەبارەت بە چۆنێتیی بڵاوکردنی مادەهۆشبەرەکان لە پارێزگەی ورمێ زانیارییەکانی پێگەیاندم.

# ئەفیون

# *Drug*

# تلیاک

**Sîrwan Kawsî**

## Efyon, Drug, Tilyak

*. Dîrokî peydabŭnî madey Efyon (Drug) le Cîhan u Rojhelatî kevn, û le Êran.

*. Syaseti Rjemî Dagirkerî Êran sebaret be Made hoşberekan le Kurdistan…!

*. Şrovey Mĉjûy Tlyak le Kurdistan

Agust 2009